# ئۆدیسیۆس

**نێرە... یان مێیە؟**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئۆدیسیۆس

## نێره... یان مێیه؟

هۆنراوه

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

ناوی کتێب: ئۆدیسیۆس نێرە... یان مێیە؟ - هۆنراوە
شیعری: عەباس عەبدوڵڵا یووسف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٦١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٤٦٥ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## بررووسکەیە، لێوی گوێتان
## بۆ ماچان ئامادە بکەن

جۆزەردانە

تلیفەی زیوینی مانگ

جەستەی زێڕین دەخەمڵێنێ

لە کووخە پەنگدراوەکانی لەشبۆوە

بە سێ دەنگان ڕاماندەسپێرن:

**بەس هەس!**

**بەس هەس!**

**بەس هەس!**

بەئاشکرا، بێ پەنا، بەڕەزا، بێ عەبا،
لەبەر با
خۆمان تێر چێژ بکەین
لە دیداری کالپتۆسان
ترپەی دڵانمان ئاواز دەژەنێ
گەڵا بەفرمێسکان دێنێ و فرمێسکانیش بەسەما و قاقا
دەم... یەکەم ئەنام بوو
کارساز، لە قوڕەسوورەی پەتییەوە ئافراندوویەتی
بەپل تێڕاکردنێکی ڕەنگین
کونی تێ کرا و سەربەستی دنیا کرا
جا وەک دەم ئەنامەکانی تر
بەپەنهانەوە هەریەکەو بەرەڵای دنیایەک کرا

له زارەوه سەرەتایه، خولیایەو
ئەگەریش بەرەو بنەتایه
توخمناسی ڕەشبین لەبەر دنیای دیدەیی
بەئەنگوستێک هێما بۆ ژێر پێی خۆی دەکات:
– لەشمان خۆڵە، چارەنووسیش هەر خۆڵە
بەچەشنی پێبلقە
کەستەک لەسەر کەستەک
زەمینییەک پیا هەڵدەزەنێ
لەگەڵ برووسکان. سوندنامەیەک مۆر دەکات
زەمینزادە قایلە و کەستەک لە بێ دڵنیایی
منگە منگێتی
بەچەخماخەی برووسکان
دڵۆپ بەسەر کەستەک ئاوڕێژە دەبێت و
لە چارەنووسی مەپرسە!
دۆمبەڵان ڕۆڵە زۆڵەی عەشقی نیترۆژینە
خۆڵ و ئاگر و لەش، ئی بەرە دایکێکن
هەرکەسێک لە مانگگیراندا
بە هەوەس لێک ئاوس دەبن

ڕاسپاردەی **(بەسەهەس)**ی مانگی تلیفان
زوو بەزوو جێبەجێ دەکەین
هەر وەختێ دەعبا زرێدارەکانیش بێن
سپاردەنامە
لە درز و تریک و کلۆرایی درەختان دەشارینەوە
نەوەک بکەونە بن دەستی ژەنگان
تۆماری پاراستە، گیانی لەشمانە و
بە پیرۆزی سەرمۆر کراوە
پیرە دنیا، زەمان نا زەمانێک بەزاڵی، خەندە دەکات
– ئادەمینە، وازیم لەگەڵ کردوون!
بەتێگەیشتنی (نۆڕین لە کونی دەرزییەوە)

بەپاڕانەوە و نووزانەوە و بەدکردنم
منتان خستۆتە فۆلکلۆرەوە
– ئادەمینە...
باران بەسەر کەڵەکە تەختە و کاریتە دەبارێنم
بێ پرسیاری هۆی بوونیان، قل قل کوارگە سەگانە
دەپشکوێنم
قەوزەش دەکەمە تاقە بابەتەخۆشەی نیگارکێشانی
ستل لایف
بۆ خۆشتان کوو لێکی دەدەنەوە، بیکەن
– ئەی ئادەمینە..
ناڵێم کێوە دەچن؟!
خۆتان لە من باشتر دەزانن
مار و مێروو بۆ هەڵوەشاندنەوەی لەشتان
چاوەنۆڕ و ئامادەیە.
لە ١٩٨٠/١١/٢٦وە تا ١٩٨١/٤/٥ هەولێر– گوند

## ئۆدیسیۆس... نێره یا مێیه؟!

كه بوو
له گۆڕاییی بوو
ئاسمانیش شڕه لێفێكی دوور گەله دوور بوو
نەیانوت و ناڵێن؛ كوڕی كێ بوو
با ئەو ڕازه، بەر نهێنی مێژوو بێت
سەردەمی شیری مەمكانه
نێرەكەش، جارێ هەر دەعبای هەرد و دارستانه
مێیاتی خۆی باوكایەتی بوو
سەردەمی (باوودا) بوو

کوڕی کەس نەبێ، باشتر نییە؟!
لە بیانییانیش بێ، نە نەنگە، بێگانە دەبێتە خۆگانە
با کوڕی گوێزێک بێت، بلا کوڕی مامزێک بێت
نهێنناسەکان بەفێڵی ئاشکراکردن، هەندەی دی ئاڵۆزی دەکەن
نهێنبازەکان، ئاشکرایی
دەکەنە گەمەی مشک و پشیلان
بە زمانی ئابوورناسان بدوێین
کامی گرانبەهایە، لە قەلقەلاشک هەرزانتر بوو
بازارِ هەر نەبوو

هەرزان و گرانیش لەسەر زاران نەبوو
پاڵەوان خۆی باوکی خۆیەتی
پاڵەوان بەس لە سەردەمی بێگومان دەبێتە پاڵەوان
خۆی کوڕی خۆیەتی
کە بوو...
باران دڵۆڤان، گەنمیش لە خۆڕا شین دەبوو
گوڵەگەنم، میللەتانی دەهێنایەوە جۆش
تاک و کۆ، گۆرانی فۆلکلۆرییان بۆ دەچڕی
نێژ و سەمایان بۆ دەکرد

دایه... داد

حەک!... مرۆڤ بە چەکەوە

گوڵەگەنم، تووشی شیزۆفرینیا دەکات

کانی هەر لە قووڵەیڕا بە میزی ئادەمی تووشی سووسەنەک دەبوو

پاڵەوانیش تۆربەداره، هەر شەیتان دەزانێ چی تیایه

ئەهریمەن زوو نهێنییەکان ئاشکرا دەکات

چەند دەنکە حەبێکی ئیکسپایەری

دژ خەو، دژ ڕاڕا، دژ دێو لەناو تۆربەی دایه

لە شەوی **گڕ گڕ گڕ گڕ گڕ گڕ گڕ گڕ گڕ گڕی** مەکینەی کارەبا سازدا

شارەکانی بەر ئابلووقە

دەبنە ئێزگەی شەمەندەفەرەکانی سەردەمی یەکەم جەنگی جیهان

لە حەشری گڕەگڕیان

لەناو جەستەی زلی شەمەندەفەرەکان

پاڵەوان لە لەیلێک دەگەڕا

– گەمژە هەموو ژنێک بە ڕۆژ تاجلەسەر و فیزدارە
حەز مەگیرانی پێدەکا
لە پەنای گڕەژنی شەمەندەفەران (دەبا شوبهێنراو نەبێتە باسمان)
مەبەست ماتۆڕەکانە
جلی جیڕ بەجیڕ بکرێ و لەشماهی لە قوڕاوێکی زفتاوی وەربدرێ
ئینجا پتر حەز لە هەوەس دەکا
بەیانیان، سوورەکەی چاوەنۆڕییە، نێوەڕۆیان، ڕەشەکەی هات و نەهاتە،
سپییەکەی شەوانیش ڕاستییە، بەس خەون نییە
حەز دەکا، چەند شەقازللەیەکی شرقەدار لە ڕوومەتی بدرێ
پاڵەوانی چنەزان، کە لە جەنگا، دوژمنانی ئاوای ئەو دیو دەکرد
و هەر بستە خاکێکی نیشتمان بەخوێن دەسەندەوە
خزمەتکارێکی کەڕ و گۆج و لیکن و خێل و خوار
کتێب موگناتیزە، خوێنەریش وردە ئاسنە
بێژمار کتێبی پاڵەواننامەی تۆی ناپاڵەوانیان خوێندۆتەوە
ئێستاش خدوویان پێگرتی
کە پاڵەوانیش گەڕایەوە
کتێبە بەجێماوەکانی سەر ڕەفکە
لەوانە کۆبەرگی (سەربوردەی شارستانیەت)

یەک یەک هاتنە خوارەوە
پەڕ پەڕ خۆیان بە ئەو خوێندنەوە
لە زستانا، بەر لە تەلەفزوێن لەبەر ئاگردانێکی پۆلیداری گەش
دابنیشی و
وەک کوێرێک کتێبت بۆ بخوێننەوە
تۆش بە خەم و خم گەشبین بی
هۆشی پاڵەوان لە دژ خۆیە
هۆش هەڵنەگەڕێتەوە. مەخسەد (وەحە) لە خۆی نەکات

ئەوجا کە ئۆدیسیۆس دەگەڕێتەوە
پەنیلۆب بۆتە ژنی بن نێران و بن ژنانیش
کوڕەکەشی کەوتۆتە لوتستان
چ شکۆیەکە؟! با هاوسەرەکەی مێردی مێردان بێ
پەنیلۆب ڕەگەزگۆڕکێی ئۆدیسیۆس بێ
ئیدی داد لە دەس دەسدرێژان! دەبێ بۆی بگەڕێتەوە
بە دەریا و دەراوان بسووڕێتەوە و
نەحلەت لەو بەخت و نێوچەوانەی خۆی بکات
بۆ خۆی بچێ ئاوی دوورە دەریا لە پیاڵە بکات
پێش ئێواران چاو کێکی دەخوارد
ئاوی سەوزایی ناو قووڵایی

بەر سێبەری قیتکە چیایەکی شینی تەماوی و بەرزبووی ناو دەریا
با شەڕ بکات و نەگەڕێتەوە
پاڵەوان لە هەڕەتیا
وەک قەشمەر پەیکەری بۆ دەکرێ
منداڵی بیژووی پێ هاوناو دەکەن
خۆیشی کە هەفتەی ڕابردوو هاتەوە
کە زانی ئیدی ئاشتی دەبێتە ڕاستییەک و
تا دونیا ماوە خانەنشینە
بانزینی کرد بەسەر مۆمی فیستیڤاڵ
سۆتمان وڵاتی داگرت

کە دەگەڕێتەوە و ساردک دەکاتەوە
بە بیری دێتەوە لە پێناو (بەناو) نیشتمان
قەلبی لە ٢١ جێ کۆنە برینی ڕم و شیر و تیری مەیدانە
بەڵام بەچی دەچێ!
لە ناو کەوڵە نەرمەی نوێنیدا، لە جێی ئەو
لە تەنیشت مێیە ڕووتەکەی
تولازێکی سەرگەورەی **(ک+ گ+ ل+ خ)** ڕاکشاوە
کە دەگەڕێتەوە و دەیەوێ لە خۆراکی بخوات
ڕەخنەگرێک (پاڵەوان و چیرۆک)ی بۆ دەنووسێت
هۆقە بەهاراتێکی پێدا دەکات
پاڵەوان دەگازێنێ: **داد... داد**
بەناو زەمانان پاڵەوانان تێکمەپەڕێنن
پاڵەوانی بەر لە مشیحا
بۆ ساڵی دوو هەزار دەس نادا
دەس بدا، کەر دەچێ گۆشت دەخوا، شێریش کا
لە تاریکا، لەبەر شەوقی تەلەفزیۆن دانیشتووە
خۆی پیس دەکات
هەی دەبەنگ!

پاڵەوانی بەرەبەیانی ١٩١٤ بۆ نیوەڕۆی ١٩١٤ دەس نادا
داد... گەمژە، سەدان زەمانی تریش بگۆڕێ
پەیکەری نانیش کەڕەکیفە هەڵبێنێ
پاڵەوان پاڵەوانە، ئەفسانەش دەنگ و سەدایەتی:
بە پژمینێک، فیل بە فیلەوانەوە مردووە.
تۆمارساز نە پیت دەزانێ نە ژمارەش
خەریکی هەڵدانەوەی ئەلبوون بوون
سێبەریش، هێڵکێشی حوبری چینییە
فۆتۆگرافە ڕەش و سپییەکەی، قاوەیی هەڵگەڕاوە

ئەو ماڵ ڕەنگاوڕەنگە
که هەستایەوە، بێجامە بە کەلەنی پاشەڵیەوە نووسابوو
یادەکان وەک چەرەزات بۆ قرتاندن باشن
خۆڵ بەخۆڵ، تۆز بەتۆز
ئاگر بەئاگر،
دووکەڵ بەدووکەڵ

لە شەڕە ئاسن بەئاسن
ئەوجا خەیاتە جندۆکەشی پێ نەبڕا
پاش ئەوەندە جەنگەش
لەسەر پێستی دڕندەیەک یا تەختە قوڕ یا تەختە پرنج
سەرکەوتنامەی بۆ کراوە
کە دێتەوە
بەرۆکی پڕ میدالیا دەکەن
هەر میدالێکیش ژەهرێکی درێژخایەنە
جا تۆڵە دەسووری گەردوونە

زگی، ئەوەی بە حەفتان برسی و بە یەک تێر
دەبێتە کەرش
تا دوا هەناسە، غەم لەو هوورگەی خۆی دەخوات
دوو سێ شەقاوەی شەقامانیش بەشەڕ دێن
ئەو ناوبژی دەکات:
ڕۆڵە ئێوە بران، ئەمە ئۆین و فیتی دوژمنە
ماسی لە ڕووباریش بەشەڕ بێن، هەر دەست و فیتی دوژمنە
بە دەرنەفیسێک ناوبژکار دەکوژرێ
دەنگۆیەک پەیدا دەبێ: فێر کرابوون.

ئەوان پەڕنامەی داد، دەبنە پاڵەوان
سەرکی بچووک و پانیلەی پەیکەرێکی پرنج
لە جەستەیەکی نەنداز
ئەمەیان شکۆداری وڵاتە
لە ئێرانا، چا زەرداوە
زۆر ڕقی لە ئێراقە، بەسی مەراقی چای عێراقییە
خەست و سەنگین و ڕەنگین
بە خەیاڵی ویسکی چا دەنۆشێت.

پەڕەکان دەفڕن، شنەبای بەیانیان دەیانبا
دەبا بیانبا، مێژوو بۆ پەشۆکاوە؟!
دەیانبا، هەڵیاندەفڕێنێ تا دەگەنە ژێر پیساوەکەی
لەوێ تەڕ دەبن، قەلبیان گران دەبێ
قاقزە و کەوتە بەر کودەتای سوپاکارێکی ناهومێدەوە
مورەکەبی نووسین دەچێتە ناو تەقسێکی تر
بەم بۆنەوە یا بە بۆنەی پێشوو

یا بێ یاد بیخوێنەوە و بڵێ:
لەگەڵ هانیبال نان و پیازم خواردووە
لەگەڵ یۆلیۆس قەیسەر جگانێم کردووە
لەگەڵ عەنتەر باسی ئەپارتیدمان کردووە
لەگەڵ زۆراب زۆرانێم بوو، منی بابپەرست
بە قەستی خۆم بەدۆڕاندن دا
لەگەڵ زاباتا ئیشی بێستانمان کردووە
بە تەڕی نووسینی تر بخوێنەوە
قیچێکی تر، قاقەز هەلا بەهەلا دەبێ
بە ئاسەواری وشەی پاڵەوانیش پیتەکان نوکتە دروست دەکەن
نوکتەباز، ئەفسانەیی و گەورەیی و پیرۆزی دەڕزێنێ!

پاڵەوان دەعبایەکی بەراوردکارە و لە قەڵا و قوللەدا غەزریوە
پاڵەوان یانی ڕابردوو
ناوی بە ژنانەوە گرێ بدرێ یان بە پیاوان؟
هەندێکی رایخ بوو بە ریخ
حەنەکچییەک حیلکاندی
- پاڵەوان پەنهانی ئایندەیەکی بێ شەڕە
نوکتەبازێکی تریش قاقاندی:
- شەڕە کەڵەباب، شەڕە کەر! (سەت قاقا لەدوو یەک)
شەڕە سەگ یا شەڕە بەران! (هەزار قاقا لەدوو یەک)
یا شەڕە سێبەر و سێبەر (ملیۆن قاقا لەدوو یەک)
هەمووشیان بە تەوس و گاڵتەوە دەجرتێنن:
- کێ کردی و کێ بردی
سەداکەشیان هەر دەقاقێنێ
**- ئەوەی ئەوەی ئەوەی بردی بردی بردی لەوەی لەوەی لەوەی کردی کردی کردی**
**پاڵەوانترە پاڵەوانترە پاڵەوانترە**

## بەندە لە ڕابردوو ئیسە و ئایندە

زەمانیش
ئەوەی ڕابردە و ئێستا و ئایندەکەی
بەتاڵ کراوە
بەپێچەوانەی خۆی بخوولێ
ئەوا بەر لە هەموو شوێنێک
ڕەشۆکییەکانی شاری خۆمان
لەسەر دیواری ئەدەبخانە دەنووسن
**ئاخ زەمانە**
لەسەر قۆڵیان وێنەی دووپشک، خاڵکوت دەکەن
بە پیتانیش، خراتری پێدەکەن
پیتۆڵێکی پەراوێز، کە دەچێتە هەمان ئەدەبخانە
لە پاش **ئاخ زەمانە**کەیان حەوت نیشانەی پرس و سوورمان دادەنێت

بەتاڵ بکرێ، تێیدا ڕەهادار دەبم
مەرگ بەردەست دەبێت و لە هیچ شتێ ناترسم
کلێشەکانی زمان تێهەڵدەدەم و
قەدەر لەسەرم لادەچێت...
سەدان دوگمەی هەمەجۆر بە گاڤەوە رسکاوە
حەزمان لێبێ، بەداگرتنێک...

ئێوارە دەکەین بە گزنگ
 کە بیرم لە فەرمانی ڕابردوو کردەوە
لە دەرەوەی ڕێزمان مردبووم
کفنەکەم، حەو زەمان زەرد هەڵگەڕابوو
خۆڵەپووکی ئێسقانەکەشم ببوە بەرد
 بە ئاسنی ڕابردوو و پرنجی ئێستا و قوڕقوشمی ئایندە
جانتاکەم قورس کرا
قوڵپی پسا، جا چا نەکرا...

کە بیرم لە فرمانی ئێستا کردەوە
قاچێکم شکا و چاوێکم  کوێر بوو
ناشزانم چەپە بوو یا ڕاستە...
کە بیرم لە فەرمانی ئایندە کردەوە
بەکارەساتی غاردانی خێرا
قاچەکانم بە تەواوەتی شکان و چاوەکانم کوێر بوون
گومانی چەپە و ڕاستەشم لە کۆڵ بۆوە
لەوانەیە دایکم میدی بێت و باوکم  گریک
کات ئاوڕ بدات...

چار توخمەی دەکات بە پێنج توخمە
دوێنێ سبەیە، هەر ئەمڕۆیە
ئەمڕۆش بە کون کون کردنێکی دەڕنەفیس دوو لەت دەکرێت،
یەک بەرەو ئایندە دەچێت
لە گۆڵێکدا لە کافیاری ماسی دەگەڕێت
ئەویتر بەرەو ڕابردوو
کە لە گوند بوو، لەبەر ئادلۆژەی چەک
لەبیری چوو ماکی سەر جەستەی بەڕوو بۆن بکات...

دە فێڵێک لە کات بکە
بەدیمەنی ئافرەتی ڕووت، کاتژمێرەی قوم بخافڵێنە
قورمیشی کاتژمێر ببە پشتەوەو لێ گەڕێ
فێڵ سەر نەگرێ، چارەنووسمان
وەک حەبیبی نەجار، بنووین بێ خەم و خەیار
ئامێری کاتیش، هەر شوێنبینە، هەریش کاتنەناسە
هەتاو کاتژمێرێکی تەماتیکە
بەدەستی سیزیف بە ئیش کەوتووەو
کێوە بچێت، هەر ئەنگاوتەی ئایندەیە
شیزۆفرینیای دووبارە بوونەوە پەکی دەخات
من... ڕۆڵەی... ڕابردوو... یا... ئێستا... یا... دوارۆژم؟!
٢٠٠٠/١٢/٣١

# بانگێشتەیەکی بێڕپایی
# بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی

کە فڵچەی دانشۆریم لێ ون دەبێ
وا دەزانم، زرێپۆشێکی سەردەمی شیر و تیر
لێم قیت دەبێت و ڕاوم دەنێ
خەمی ئەوەم نییە،
به ئەنگاوتەی تیرێک یا شیرێک، دەکوژرێم
خەمی ئەوەم نییە،
به ئەنگاوتەی تیرێک یا شیرێک، دەکوژرێم
خەمی ئەوەمە
ئەو جەنگاوەرە، ددانی پیسن
ئەی تۆ کە فڵچەکەت لێ ون دەبێ؟
..........................................
..........................................
..........................................
..........................................

داپیرەم گوێی ڕاکێشام و
دروستیی پێڵاو لەپێکردنی، فێر کردم
کە لنگەوگۆڕ پێڵاو لە پێ دەکەم
وا دەزانم ئەو ئوتومبێلەی لێی سوارم
بە شەقامدا دژڕێ دەڕوا و
ئێستا نا ئێستا، بە شینە لۆرییەک تامپۆن دەکا
ئەی تۆ لە ڕاستەو گۆڕدا؟
................................
...............................
...............................
.............................

سەیری حەوتەوانە دەکەم
هەر یەکە ناوێکی لێ نراوە
تێکڕا حەوت برا
وا بەشێوەیەک ڕیز کراون
من ناوم لێنان (پرسیار)
ئەی تۆ، جگە لە ناولێنانەکەی من و خۆی؟
................................
..............................
..............................
.............................

لە هەراجخانە بێ، لە ماڵ بێ، یا لە هەر جێیەک
هەمووی هەر یەکە
گوێم لێ دەبێ
یەک بە درۆ سوێند دەخوات و
دەوڵەمەند دەبێ
ئەویتر سوێند بە ترومبێل و بە تەلەفزیۆن دەخوات و
زەنگین دەبێ
من بە پڕەپڕ
خۆم دەگەیەنمە خەڵوەتگەیەک
دەست لەسەر دڵ دادەنێم و
لە ئاسمان ڕادەمێنم
لە هەڵوێستی وەها، ئەی تۆ؟
................................
...............................
...............................
..............................

لەناو خزمانی پلە یەک
خزمانی پلە دوو
خزمانی پلە سێ
ئەوانی تریش پلەدار دەکرێن
تا دەگاتە ژمارەی سەرتاپای شار
من بەس گوێ لە خۆم دەگرم
ئەی تۆ؟ ئەو ژمارانەی گوتمان
کچی جوان و پارەداریشی تیایە
...............................
..............................
..............................
.............................

٢٠٠٠/١٢/٢٠

.......................................

* دێرە بەتاڵەکانی ئەم هۆنراوەیە بە مەبەستی خوێنەر پڕ دەکرێنەوە.

## ناخم قسەیەکی کرد، زمانم دوای دە ساڵ گۆتیەوە،
## گوێم پاش سەد ساڵ بیستیەوە

بە گەمان وتم، دەرزی چاویلکەیە
خۆم لاسایی خەیام ناکەمەوە
کە پێی وایە، گۆزەش
لە خۆڵی هێسک و پروسکی ئادەمیزادە
تام بوو تام!
تامکردنی تاسولقەیێک
منی بردە زەمانی پشتەوە
حەک!
خۆ نەبووە ڕستەی ڕابردووی هەرە دوور!
بۆن بوو بۆن!

ئا دەمبا
شووشەیێک دەکەمەوە
بۆنەکەی هەزار ساڵ
دەمباتە پاشەوە
دەنگ بوو دەنگ!
دەنگی هەڵدانەوەی قەپاغی شووشەیەکی تریش
هەند، دەمباتە پێشەوە
تێر نیگام کرد
ناهومێدم، بە تەماشا لێرە کەس نابتە پاشا
کەچی، لە وڵاتێک لەودیو جەنگەڵی شێر و پڵنگان

بە تەماشا گەر ئارەزووت لێبێ دەبیە شا
 کە لە سەگێک دراو نوسکاندی
ئەو پیرە یۆنانییە ناڕازی بوو:
– نەکەن برادەرمە و گیانگۆڕکێ بووە
بە دۆبلاژێکی سەقەت
فۆرتەچییەک زاری داپچڕاند: وای لەو شینە درۆیە!

وەک پیرەمێردێکی پەندبێژ تێی ڕامام:
- ڕێ کۆر نابنەوە
بە کیمیا، من و لۆبیا جمکین
بە بایلۆژیا، من و ئەسپ خزمین
لە ڕۆژی ڕۆژگیران
بە تیغێکی هەرەتیژ
لەوانەی موو دەکا
هێڵی ڕاست (بە کاتەوە) لە ڕاستە ڕاستر،
لێک دابڕ دابڕ کرد
سوپاس لەو کەسە نەبێ، کە فێری کردم
درەخت، ڕەگ و قەد و پەلک و چڵە و
و هیچی تر نا
بێ ئافەرین بێ، ئەوەی منی عەلماند
دەرزی هەر دەرزییەو بەس

٢٠٠١/٣/٢

## لەشلستن

له چاخانەدا وەک جاران
لەسەر هێلکەی ڕووەک دمکدمکانێیان دەکرد
لێک مەرس بوون، بابەتەکەش سیاسی نەبوو
کراس و شەرواڵ یا پانتۆڕی وشەکانی داکەنی
تەنانەت دەرپێ و فانیلەشیان
ناڵێم مەمکدان، گشتی هەر نێر بوون
دابکەنرێ، بابەتەکە سیاسی دەردەچێ
لەوێ لەسەر ڕەفکەی بڵند
ڕادیۆیەکی کۆنە مۆدیل و قەبە، بۆدی لە دار
سەر بەقۆریەکی جوانی فەخفووری، بەگوڵ نەخشاو و لە کارکەوتوو
لەو فەخفورییەوە،

خاوەن دروشمی **(زێڕی ناو زەڕین)** چایەی هێلداری دەخواردەوە
بەدەنگ، دنکە جۆیەک یادگاری خۆی دەگێڕێتەوە
 کە ژینیۆمی دۆزرایەوە، کردیانە دەنکە پلاتین و
لەسەربانی دوا نهۆمی باڵەخانەیەکی شووشەی سەر بەهەور
چاندیان
قلە جۆ، بێ یاخیبوون لە ئەبو ئەژدادی خۆی دابڕا و
بەیبایەکی تاتایەی لە جوتیار و ڕەوشت و ئەفسانەکانی دەشت کرد
 ترینگەی شەڕە ئاوی منداڵان، شەوەڕێیەک دەهات
منداڵێک لەوان

ئەوەی نووجلی ئەمپەراتۆری ئاشکرا کرد
به زەوق و نیگای زەلامانە، لەسەر هەوران
نیمچە ڕووتێکی پێ بەخەنە و خڕخاڵ دەدیت
سەمایەکی میسری دەکات، بریسکانی پوولەکەی لە چاوی دەدات
ناهێڵێ خاڵی بن خڕخاڵی ببینێ
نوڕا لە لێوی گۆڕا، بە درووودەوە دەنۆڕتە خۆڵی هەڵدراو
دەڵێن ئەو خاکە گەلانی زۆر کۆنی دیوە
ئەی کوا تاسولقەیێکیان دیار نییە؟!

بەرلەوەی مردوو بەیەکجارەکی بکەوێتە چاڵە تاریکەکەوە و
خۆڵی پێداکەن، لەناو کفنیدا بیری دێتەوە و دەخەنێ
بەراوردێک لە سمێڵەکانی هیتلەر و ستالین و چەرچل دەکرد
ئی چەرچل بەقەڵەمڕەنگی دار، بۆیان ڕەش کردبوو
بە شامەرگی ئۆخەی کرد، تامەکەی هەنگوین بوو
قوڕ بەتریفان خۆی دەئاوسێنێ
بەژەنینی تەڕە قامیشان خۆی دەزایێنێ
هەریر پۆشێک بەدڕاتییەک دەخەونێ
تا ناسکاتی خۆی بخارێنێ یان بخورێنێ
لەسەر نینۆکە بلوورینەکەی ئافرەتێکی پرچ سیس

نەرسیس، شکلی نانەرسیسی خۆی دەبینێ
خۆی مێ بوو، بەسەر ئاوا سێبەرەکەی نێر بوو
مێژووی هەمیشە درۆزن بەتایبەت لە گزنگان
بەنەڕە نێری نووسیوە
ڕاستە جەستە، جەستەی خۆیەتی
بەس ئەنگوستی بەڕەسەن ئی وەیشەکە
ڕاستە جەستە، جەستەی خۆیەتی
بەس زمانی بەڕەسەن ئی بولبولە
ڕاستە جەستە، جەستەی خۆیەتی
بەس لاقی بەڕەسەن ئی تایفوونە
ڕاستە جەستە، جەستەی خۆیەتی

بەس گوێی، بەرەسەن ئی تووتییە، نەک تووتیا
لە ڕۆژێکی ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا
بەکەڵبە ڕەژوویەک لەسەر دیواری ئەدەبخانەیەک نەخشابوو
نەسێ... هەر نەسێ و بەس... هەر بژی نەسێ
زەمان بۆ خۆی دەڕوا
کە دیتمان بەقات و قەرەوێتەوە بوو
دەمێکی تر بەشۆڕت و شەبقەی پووش و کالەوە هات
لە سەردەمی ئیبنولوستەوفیدا، هەولێر شارێکی جیهانی بوو
لەنگەش دەیکا بەجیهانی
ساردفرۆشی سینەمای سیروان، کەونە بلووزی سمایل پیکیتی لەبەرە
تۆخمفرۆشی حەمراش، بەکەونە پانتۆڵی ئیمبرتۆ ئیکۆ

لە هۆڵەکە دێت و دەچێت
قولەڕەشەکان،
بەدرێژایی مێژووی خۆیان لە هەموو کارێک ژێردەستە بوون
بەس لە لەشکاریدا، ئیمپریالیزمن
سپی پێس زەلیلە، داگیرکراوی بن دەستیانە
پارەداری بەرغەبابەدار
پیس بەنگ دەکێشێ، پیس دەمرقێنێ
پیس بەسەر پردراوێکی داوێنپاک دەتفێنێ
لۆکەی سپی وەک بووک
بەدەستی با بریندار کرا، هەندێک بەخوێن سوور بوو
ڕەنگە شکڵە خوار و خێچەکانی
بەکۆرەپیت بزانن و نووسینێکی لێ هەڵکرێن
بەلەمێکی کاغەز وەک بووک، بەناو گەنیاوان دەڕوا
ئەوەندەی حەز لە خەو بوو، خۆی لەناو مراند و لێی بووە ڕاستی
لە مەنعەلتەجەولێکدا پۆلیس بوو... عەسکەر بوو؟

تایە پاسکلیان لێ فش کرد
پەمپەکەشیان لێ شکاند
بەیاننامەی کودەتای سوپاییەکان پڕ هەڵەی زمانەوانی بوو
یان کام گەل، گەلێک شەیدای هۆڕن لێدانە؟
کچێکی خەتەنەکراوی قاپلێس، دەم بەسووراوەی مەرەگە
پەنجە لە پەنجەی یۆنانییەکی گریکپەرست دەدات
– ئێوە پلاتۆتان هەیە، ئێمەش فەلسەفەی سیر و پیاز
بەغار وەرە
دۆڵمەی بەتام وەک بووک بخۆ و بخوێنەوە

بزانە چەند جۆرە ژنی تێدایە
ئەوانەی بەزەردەبەیەوە خۆیان لەناو تەندوور دەنێن و
هێلکە لەناو مشکییەکەیدا دەکەن
بەهێسکی مردووان، ئەسکەلەیەکی دامەزراندبوو
بەلاش و لەپێناو هیچ، بەفڵچەیێکی دەمپان نوتەکی دەسپیاند
لە ڕۆژاوا، سەگ بۆوە پیاو
ستراتیژێکی نوێیان فێر کرد
ئەویش لەشلستن، لەشپەرستن

برادەرێکی تەعجیلیم لە پۆرتوگال پەناهەندەیە، خۆی کردە ئەو سەگە
یەکێکی دیکەم تەیراوەییە لە فڕەنگسایە بەئاواتە ببتێ
ساوای بێ ئاگا خەوتووی تەنیشت قەرەقەشاغ
ڕاجفری و کەفاندی، قەرەقەشاغیش لە ترسان ڕەوییەوە
بەچەشنی دووکەڵە شینکەی باریک
لە تەقاندنی پیرە تفەنگ
چما، ئەوا کۆخەیە، یا چەخماخ پێکردن بوو؟

ڕیشاڵ ڕیشاڵ دەنگی عارەبانەی **(ماڵە بەکەونە فافۆن)** دێ
سێگۆشە سێگۆشە، دەنگی هەڵقرچانی گەنمەشامی دێ و
لە شێوەی بەفری سوور، دەکەوێتە نێو بیری یووسفەوە
بەسەر کۆرنیش ڕەت دەبم، کلارنێت دەژەنم
یەک لەشکرە مشک و جرجی ئاشق بەمۆسیقا لە دوامن
دەیانبەمە خۆشترین گردی ڕۆخ شار، مەهرەجانی تێدا بگێڕن
بەچاویلکەی ژێراوچییان لە فڕینی قالۆچە دەنۆڕێت
مەبەست دۆزینەوەی بورجی بەختی پیرەژنێکی تۆقیوی فڕۆکەی جەنگە
ئەوەی دەڵێ هەرجارەی بفڕن،
فریشتەکانی ئاسمان لە جێوە هەڵدەوەرن
جەستەی بە جن

بەرد لە گۆمەکە دەگرن و بلقە بازنەییەکانیان دەژمارد
لە ڕۆخەکەشدا جندارێکی دیکە بەپێز و بێز و قێز
تفەنگ لە بۆقان دەگرێ و تەنەکایەتی خۆی دەسەلمێنێ
خێر و شەڕ بەبست بپیورێ باشە یا بەهۆقە بکێشرێ؟!

ئەمە پرسیاری بوونە، ئەمە پرسیاری گەردوونە
بەسەر تێلی کارەبا
لەناو کتێبێکدا، هەڵخستراوە
باس لە ئیستاتیکای ستاتیکا کراوە
پاشکۆش،
بەراوردێکە: سۆراو فێڵ لە لێو دەکات یان پێچەوانەیە؟
لە کونی پیرە سندووقێکەوە
حوشترێک بەلاسایی دەنگی بزنێک و خۆ گیف کردنەوەی کەڵەبابێکی لەخۆبایی
پاش ڕاستکردنەوەی چەوتییە زمانەوانییەکانی
ناو بەیاننامەی سوپاکارانی
کودەتاچی
دەیخوێندەوە، لێی نووسرابوو:
مێرووله قەلبی شاجوانانی دنیا دەخوات

هەقێتی، لەشیان نەرمونیان و پسکیتە
پسکیتی بەکرێم
کرمیش شیلەی میتافیزیکیان هەڵدەمژێت
ئەویش ناهەق نییە
گشت نەولاوێک ئی گەڕەکی میللی
مەراقی فلیماتی تۆپانێیە
ئەوانیش هەقیانە

٢٠٠١/٤/٠٠

.........................................................................

* خاونووسی ئەم دەقە بەشێوەی (لەخۆڕا و ئۆتۆماتیکی) نووسراوە.

## ڕووبار نەگۆڕە

ئاو هەر ئاوە، شەپۆلیش هەر شەپۆڵ
جاری یەکەمم بوو
لە ڕووبارێکی تیژڕەو پەڕیمەوە
خۆم ساغ و ڕووباریش ساغ
دووەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
لاقێکم ڕەش هەڵگەڕا
ڕووباریش هەر وەک خۆی
سێیەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
لاقەکەی ترم سوور هەڵگەڕا

ڕووباریش هەر وەک خۆی
چوارەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
مووی سنگم سپی بۆوە
ڕووباریش هەر وەک خۆی
پێنجەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
پشتم شەقار بوو
ڕووباریش هەر وەک خۆی
شەشەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
ئەنگوستەکانم پێکوەنووسان
ڕووباریش هەر وەک خۆی
حەوتەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە

ڕدێنم ئەوەندە هات تا لێم بووە کەزی
ڕووباریش هەر وەک خۆی
هەشتەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
تووکی چەنەگە تا سەر شەویلاک هەڵوەرا،
پێی بوومە کۆسە
ڕووباریش هەر وەک خۆی
نۆیەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
ئامرازی نێرینەم خراپ تەزی
ڕووباریش هەر وەک خۆی
دەیەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
زمانم لاڵ بوو
ڕووباریش هەر وەک خۆی
یازدەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
گوێم بەس ویژە ویژی لێ دەهات و سکم زگاو بوو

ڕووباریش هەر وەک خۆی
دوازدەم جار، لە هەمان شوێن پەڕیمەوە
گوێم شتێکی بیست دەیقیژاند:
بەس بەس! بێتامی مەکە، وامان نەوت
هەندە واسواسی ئەزموونان مەبە
لەدەستی مەدە، ئەوەندەی لە تەمەن ماوتە.
سەدادار دەیقیژاند:
دڵنیابە ڕووبار نەگۆڕە ە ە ە ە ە
جەستەش خۆگۆڕە ە ە ە ە ە ە

٢٠٠١/١/١٢

## هات... کێ هات؟

## لۆکینات... هات

لۆکینات
بەترومبێلی ستاپسزی ڕەهاخوازەوە
بەغار دەچێ، لە بن ئاوا
خۆی بەهەڕەمی وەک هەرمی دەناسێنێ
لە ئاوڕا
ئێمەی وشکنشین، نسحات دەکات:
- بەخۆکوشتن فێرە، مەرگ مراندن بن
- شارستانییەت، بەسەر زەمینا بەیەک نەگەن
لە ناو ئاوا، لێک ئاوێتە دەبن
- بەڕەوتی فڕۆکەی تیژفڕ
هۆنراوەی کیسەڵڕەوتان، خێراکەن
لە هۆڵێکی قەوغا،
لە شێوەی خوودەیەکی کون کون بووی جەنگێکی ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست

ژمارەی ئامادەبووان گەیشتە
سێزدە دانە حەوتی لە تەنیشت یەک
بەوێنەش ئەوهایە ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧ ٧
ئەوسا هەموو کەس
هەم کۆرس بوو... هەم گۆرانیبێژ
هەتا کورسی، کۆرس بوو
هۆڵەوانیش دەنگبێژ بوو،
تەنانەت، شووشەی بەتاڵ، کلینکس و قونکە سەموونی لەففەش
تێکرا، بەمۆزێک پەسیودار و مووزیک بوون
هەر پیتێکی ئەو شادەقە، ئەلفوبێیکە

باڵندەی دمکاسن مەراقێتی،
تەنیا خاڵە خرِ و کریستاڵەکانی لێ بشکێنێ
ئێمەش، لە ژێراوا، کشەمان لێ دەکرد
چەخماخی بۆ پێ دەکەین
ئاویش برای ئاگرە
ئەم تەڕەمەرگە خۆشە، هەر دەڵێ تەڕەحەلوایە
(خوایە هەردووک بەنسیبمان بێ)

نه نووستنێکی هەتا هەتایه
نه بێدارییەکی هەتا هەتایه
بەس، جار جاره و تا دونیا دونیایه
شیعرێکی بێ نیکۆتین و بەزەوقی خۆمانه
بەرگەز.. ئی میللەتێکه
بەهەوێن... ئی جیهانه
وەمانزانی لەسەر زەوی کلیلەکانی ون کراون
کەچی لێرەن
ئاو پاکه جوانه بەدەریا و ڕووبارەوه
لەسەر نەخشەکانی ئەتڵەس
له ڕۆخ دەوڵەتانی زلهێز، گەنی دەبێ
خەنی بن- مەورەد بکەوێته ژێر ئاوەوه
دەبێته ماسی

دڵ لە دڵ مەدەن
ئوتومبێلەکەشی مەرجاناوی دەڕسکێ
شاعیریش ئەوا خۆتان دەیبیسن، دەیبینن
هۆنراوەی لە ئاو هەڵکێشراو،
بەئاوەوە بیخوێنیەوە
وشەکان، خۆ دەزایێن
لەوان: هۆنراوەیەک بە سەگەمەلە دەبێتە هەکایەت
بە بۆقەمەلە وەردەچەرخێ بۆ بووکاو
دەریاچەش لە دیدەدا سەما دەکات
(مەبەست لە بینیندا، ئەگەر بەدیدەی هۆڕنیش تێ بگەی، ئەوا دەق دەنگگۆڕکێیە)

٢٠٠١/٥/٠٠٠

## كەسێ، یەکەم جارە دەنگی خۆی دەبیسێ

مرۆڤ فێرە، گوێ لەوانی دی بگرێ
لە پۆتەگۆراسەوە تا سارتەر
هزر تێیکارا بوو
لەناو شارا، بانگەواز بۆی دەشیراند:
– وەی وەی خۆخاز.. هۆیها بوونباز
خۆ فریۆییە
با وا تێبگەن، با وا برِوا بکا
شتێ نییە، نێوی خۆدوێنییە
زمان گەلییە، تێکرِا گارِانییە
قسە پارەیە

بە قەڵپە و بە ساغ و بەهادارەوە
لە بازاڕ، دەساودەس دەکرێت
زەبرترین دەسەڵاتە، بڵندترین دەنگە
(هیچ پاڵەوان)یش، سەرەخۆرەیەتی
بەدرێژایی تەمەن
ئەوەی وتوویەتی کۆبکرێتەوە
نە دووبارەی تیا بێ
نە هاوواتاش
کتێبێکی ئێجگار زلی سەدان بەرگییە
ئەو کەسەمان، لە کۆشکەیەکی شەمەندەفەرا
بەسەر ئەوان جغارە ببەشتەوە
دەم دەکرێتەوە، زمان ئاسا، ڕەها دەگەڕێ
سۆراغ بەسۆراغ، زوو بەزوو، برادەراتی نوو
منیش لە سۆتەکی کەڵکە بوو، ئەوەم بیست

دەنگی بەربوونی تێیگەیاندم:
خۆی و خوا بوو
خۆی و خەڵک بوو
خۆی و خۆ نەبوو
لەوێ... ئەژنەفتەی دەنگی خۆی بوو
ئەو کەسەمان
ئەوێک... ڕێک، لە شەوێکی هیساویدا
تەنیا بوو
جەستەی شلوخاو کردبوو
خۆشادەی گۆشەگیر
لە بیساندنی ئەوان
چ تەمەنێکی بەفیڕۆ دا
لە بیستنی ئەوان
زەمەنێکی نازداری لێ دزرا

ئەوەی گوتی.. یەک ڕستەیە
پچڕ پچڕی پڕ هەڵپەیە
لە هوڕێنە و جنێو دەچوو
لەوایە. دوا بێژەی بووبێ
بەر لە مردن لە ئاوزینگێک دا گوتی...
لەگەڵ ئەمەشدا، من دەتانم
دامەنێکی هۆشمەندانەی بۆ بنووسمەوە
بە ئۆخەی دڵ... بێ ئاخ و داخ مرد
گوێی لە ئاخوتنی خۆی بوو و مرد
منیش، لە مشکێکی بەتەڵەوە بوو، ئەوەم بیست
بە ڤییرە ڤییڕ، تێیگەیاندم:
خۆی و خوا نەبوو
خۆی خەڵک نەبوو
خۆی و خۆی بوو

کەسێک، گوهداری دەنگی خۆی نابێ
مەگەر
لە ملیـۆن ملیـۆن، شـارێک لە گـەڕەکێک، لـە کـۆڵانێک، لە مـاڵێک لە خێزانێک ئەگەر
مەگەر
لە ملیـۆن ملیـۆن.. سـاڵێک لە مـانگێک، لە هەفـتـەیەک، لـە ڕۆژێک، لە ساتێک، ئەگەر
سروشتە، کەس یەکە و بەس،
بەس بێ دووان هەڵناکا
بێ گوێ... چاو لێی نەبێتە گوێ
بێ چاویش... زمان لێی نەبێتە گوێ
بێ زمانیش... لووت لێی نەبێتە گوێ
بێ لووتیش... دەست لێی نەبێتە گوێ
بێ دەستیش... مێشک لێی نەبێتە گوێ
بێ مێشکیش... دڵ لێی نەبێتە گوێ
لە ئادەم و حەواڕا تا دەگاتە من
مرۆڤ ناچارە... زۆریش ناچارە
گوێ لەوانی دی بگرێ

٢٠٠٢/١/٢٢

## لەناو خڕگەلەدا دێن و دەڕۆن و نابیندرێن

ئەجندە نین
لەناو خڕگەلەی خەڵکا دەژین
ئەوانیش
کەسانی ڕاستەقینەن
بەس نابیندرێن
تۆ کە پێت زەحمەتە،
نیوە بەنیوە، خەیارێک بۆ دوو جگەرگۆشەکەت لەت بکەیت
ئەوان دێن و
موو بەموو (گیان و جەستە) لێک جوێ دەکەن
بەو مەرجەی
گیان بیری نێتەوە، دراوسێی جەستە بووە
دۆندرمەی تێ دەخوارد
قاپە باغەکەی فرێ دەدایە ئەو گۆڕایە

یەکێکی ناو یەکەم دێری ئەم هۆنراوەیەمان
زارەکەی بەتەوسەوە بۆی دەبێژێ:
– ئەوها خاوێنی شارەکەت دەپارێزی!
جادووباز نین
چوو ڕدێن بتاشێ
ئا، یەکێ لەوانەی ونیین
خۆی لە جامی سەرتاشخانەکە دا، نەیشکاند
وەیانزانی زەویلەرزەیە
یان لەڕەلەڕی دەنگی فڕۆکەی جەنگییە
بە ئاستەم چەنەگەی بە مووس ڕووشا
لە یانەی شەترەنجدا خەریکی ئەم یارییە دەبێ
قولەڕەشێکی ناو جەرگەی دارستانی قولستان

لەوانەی گوتمان
دێ و بردنەوەکی بۆ مسۆگەر دەکات
ئافرەتێکی گەنجی لای خۆمان
دەستە جلێکی ئۆروپی لەبەرە
بەسەر شۆسەی کام شاری هەرە دواکەوتووی ڕۆژهەڵات دا
عەرەبانەیەک داژوا
مەلۆتکەی ناوی لەخۆڕا پێدەکەنێ
زەلامێک لەوانەی ناونیشان باسیان دەکات
بە بنی پێی ختووکەی ڕوومەتی دەدات

وەستایێک
کەرپووچ کەرپووچ
دیوارێک بە بازنەیی ڕۆدەنێت و
مێیەکیش لەو بابەتە گوتمان نابیندرێن
بە دیاریەوە تەشی بادەدا و
گلۆڵە موو دەکاتە بەن و ئەو بورجە لوولەی خوڵیایە
وەستای هەردەم مڕومۆچ پێی نەشئەدار دەبێ و
بە نزمی بیر ئەلیایە
لە پەنای دیواری پیرە حەسارێک خەریکی دامەیە
فیرعەونییەک لەوانەی تایبەتمان کردن
دێ و سەرکەوتنێکی بۆ مسۆگەر دەکات
ئەگەر لەشی ئێمە و ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن

لە جێیەک یەکتر ببڕێت، دەلیحەس:
چاوێک ڕەنگی شین بێ، دەبێتە ڕەش
پێچەوانەی تەحرێکی دیکەیە، ئەشێ شێ بێ
ژن دەبێتە پیاو
پێچەوانەی ڕەگەزێکی ترە،
لەوایە یەکێک لەوانەی فیراری عەسکەری، ببێتە بۆقێکی ڕەنگۆڕ
پێچەوانەشی، ماتۆڕی زەنگەزۆرەیە
هەر یەکە بزاقی خۆی دەکا
ئاکار و ڕەفتاریان فیزیکە
کەچی خۆیان و بوونیان، سایکلۆژیایە
**ئەوانە** (دەبێ ئەم ڕاناوەیان بەتۆخی بۆ بنووسرێ، ڕاناوەکەش:
مێیە، نێرە، نێرەمووکە، هتد)
لەناو گەلەدا دەژین
تەنیاش بکرێن، بێ ئاسەوار دەبڕێنەوە
ڕەنگە لە هەڵوێستێک
وەک یەک، هەردوولا شتێک ئەنجام بدەن
ئەوسا، دەبنە خزم و دەچن
لە گەڕەکێکی هەژار و بێ کارەبا
هەشت فارگۆن بووز
بەخێر دابەش دەکەن!

٢٠٠٤/٦/١٩

## م به مۆمه‌وه... م به له‌شه‌وه

١

شه‌و، له‌گه‌ڵ هه‌ڵکردنی موومگه‌لی م پاکیزه
حوشترێک به‌ناو کونی ده‌رزی ڕه‌تبوو
هێسترێک به‌ناو لووله‌ی قۆریه‌وه خۆی خزاند
گامێشێک به‌ناو دووشی گه‌رماو خۆی داباراند
لۆرییه‌ک که‌وته بیری ئه‌ده‌بخانه‌وه
فیلێک به ده‌می مه‌سینه‌وه داچوو
به‌رمیلێک به‌ناو وایه‌ری ڕادیۆیه‌ک هه‌ڵکشا
دار ئه‌به‌نووسێک به کونی هێلْنگی په‌نجه‌ره گوزه‌ری کرد
ڕه‌نێک هه‌ڵدێراو خۆی کرد به کونی مارێکه‌وه

٢

ئەوسا مۆمەکان تا نیوە دەتوانەوە
تیشکێکی دەگمەنی زەق، زەندەقی شارێک دەبا
بە شپرێوی غاردەدا و
بە کوتکان لە ڕێز و حورمەت دەدات
وردە بزمار بەسەر شەقاما دەڕێژێ
تا فیز بە پاسکلەوە ڕەت بێ و
پەنچەر بێ
یان خۆی دەکاتە قورێکی لیچ
ڕۆلەی پەستاوتن تێدا بچەقێ

٣

که مووم کوژانەوە
غوریلەیێکی ملەستووری تیسکن
بە مێژووی نەگوت بە ئێزنت
لە **-م-** دەچێتە ژوورەوە
چەکی پێ فڕێ دەدات
بەسەر هەویری لەشیدا
نەخشی مار تۆمار دەکات و
چەرچەفی سپی دەگەچلێنێ
ناسکە لەش دەناڵێنێ و
جێ جێ خوێنی تەڕ و تازەی بەسەردا دەتفێنێ

٤

شەوی کوژانی مۆمەکان
لە تەلەفزیۆن، ڕووداوەکەی بە ڕیکلام پیشان دەدرێ
خاتوو میمەکان (ئەوانەی ناو و خۆ و خوویان وەک میمە)
لە سوێیان دەیکوژیننەوە
خەونانە دەخەون، لەوێ ئەو بەدیادەیان پێخۆشە
کە بە خورتی **م** ناپاکیزە کرا،
خۆی ناوگۆڕکێ کرد، بوو بە **(ن)**
موومەکانی تێهەڵدا نێو چەشمەی ئاودەسخانەوە
ئاسا هاتە ناو خەڵکەوە
بەس نوونەکەی هەر بۆنی میمی لێ دەهات

٥

غوریلە، بە نیازی خەونەوە دەخەوێ
لەوێ... نەشتەرگەرییەکی جوانکاری بۆ دەکرێ
مووی تێهەڵدەدرێتە چەشمەی ئاودەسخانەوە
لەشلووس دەبێ، جا قاتی نوێ لەبەر دەکات
بە ناسکەناوێک خۆی پێناسە دەکات
بە فەند و ئەتەکێتی شارستانییان دوور لە جەنگەڵ
بە ئاسانی دەچێتە دڵی شاجوانانەوە

٦

غوریلای ڕێزدار بە ناسکەناوەوە
خاتوو نوونی کەونە میم
هەتا هەتایە
چاویان پێک ناکەویتەوە
لە خەونیشدا
جارێکی تر تا هەتا هەتایە
یەکدی نابیننەوە

٢٠٠٠/٦/٤

## بوون... به نیگای لەپخوون

لەپ دونیایە
لەپخوون، دەروازە تەلیسماوییەکانی تۆبۆگرافیات بۆ والا دەکات
بە نیگایەکی جوگرافی، ڕاپۆرتێکی سایکۆلۆژیت بۆ دەخوێنێ
لە مەترسییەکانی خزم و برادەرانەوە دەس پێ دەکات
فرێت دەداتە نێو ئاڵۆزگەوە
لەبەر بەخشینێکی کەم، سەرە داوێکت دەداتێ
تێتهەڵدەداتە نێو تاریکستانەوەو
بەر لە کۆتایی وەک پاڵەوانی فیلمی شەڕ و شۆڕ
تروسکەیێکت پێ نیشان دەدات
هێسکت گران مەکە، درۆیەکانی بەڕاست و دروست بزانە
خۆشە، ڕاستەکانیش خۆیان بە درۆی سپی و ڕۆمانسی بنوێن
لەپ پان کە...

لە جیهانی لەپت دا
رێیەک، رێک دەچێتەوە سەر جەنگەڵێک
پڕ شێر و پڵنگە
شێر بتگرێ، شیری نەمریت دەداتێ
پڵنگ بێ، بە پێستەوە دەتخوا
رێیەک، رێک دەچێتەوە سەر زاری بورکانێک
دەتهەنجنی و فێرە ڕەنگی نادەر و دەگمەنت دەکات
یەکێ لەو رێیانە،
رێک، پەنجەکانت دەباتە سەر پیانۆیەک
بە ژەنینێک، ئۆرگازم تێر چێژت دەکات
رێیەک، رێک دەچێتەوە سەر گەناو
پاش هێڕبوونێکی تەواو
ئارەزوویەکت دێتە دی
بە کاتی نیو چرکە، دۆستە جوانەمەرگەکەت بۆ زیندوو دەکاتەوە

ڕێیەک، ڕێک گشت مادەیێکی خنج و جوان و ئەندازەدار
لە کۆتادا چارەنووسی نارێکییە،
دەقۆپێ، دەگەچڵێ، دەبزرکێ
ڕێیەک، ڕێک دەچێتەوە سەر دەریا
قومێ ئاوی لێ بخۆیتەوە
دەبیە ڕۆژنامەنووسێکی بووقژەن
ڕێیەک، ڕێک بەرەو خۆت دێتەوە
ئەوا... ئەوان پێی نازانن
بە خۆشت لە چوون ئاشنای، لە هاتنەوەش نە شارەزای
ڕێگایەکان چل و یەک هەزار بوون
لەپخوون، کردنی بە حەوت
ڕوو بەڕوو... چاو لەناو چاو... هەست لەناو دەست
لە سەیری لەپخوون دەبیە لەبخوون
تێر لەناو ئیقلیمی دا گەشت دەکەیت
چل و یەک هەزار ڕێ دەدۆزیەوە

٢٠٠٤/٦/٢٨

## مەبێژە... نۆستالێژە

خۆ لە زەمانی ناڵی نین
خاکێشە بگرین
ئاخ بۆ ئاخ بکێشین
پەساپۆرتەکەت بدڕێنە
تاکناوەکەت بکە بە فرەناو
بڕۆ سنووران ببڕە
بەسەر ئەرزا، بە پێیان خۆشترە!
لە ئاوا، بە مەلەوانی خۆشترە!
بەناو ئاسمانیش، فڕین بەباڵ خۆشترە!

دەتگرن؟!

بە چی تۆمەتبارت دەکەن؟!

جاسووس؟!

قاچاقچی؟!

بێ نامووس؟!

چەتە؟!

وێڵ؟!

بێ قامووس؟!

بە چی؟!

دەس بە مووس؟!

لەمبەر جەوسەر... تا ئەوسەر
ساتەڕێیەکە
پاڵەوانی ئەم فیلمەمان
گۆرانی بۆ ئێرەی قورگخنکێن ناڵێ
گۆرانییەکەی بۆ ئەوێی واڵا و فراوان
لەم شوێنە تەسکانەدا
خۆت بۆگەنی مەکە
فرمێسک بەسەر نامەکەدا دەبارێنێ
مۆرەکەبی نووسینەکەی دەشێوێ

پیتەکانی لە دوور دەبنە باڵندەیەکی کۆچکار و
لە خۆشییان فرمێسکان بەسەر وێنەکەدا دەبارێنێ
خۆشەنجام دەبێ، وشە دەبێتە وێنە
لێرە، لە مەنتکاوەی هەولێرەوە
گاز بکەیت، ئی ناو ژێراوکەیەکی ئوقیانۆس گوێی لێیە
دڵ لە دڵ مەدە، چەکدار نییە
بابچین، ببینە برادەری نەهەنگان
لەوێوە، یەکێ
بە پێکەنینەوە، ئەنەناسێکم بۆ تێهەڵدەدا
لەوێڕا... یەکێ دەڵێ:
حەزت لێیە بۆت بڵێم بۆرخیس چۆن کورتە چیرۆک دەنووسێت؟!
دامەسکنێ... بە جیهانا سوورە سوور بکە
فینیقی بە... بابلی بە... گەردوونی بە
شوورەییە... چیدی باسی نۆستالیژا مەکە

٢٠٠٤/١١/٤

# لاوێک بە مریشکەوە

فۆتۆگراف نییە
بەڕاستییە
فۆتۆگرافیش بێ
بە دڵی ڕۆژئاوایێک دەبێ
لاوێک ڕاوەستاوە، مریشکێکی لە باوەش گرتووە
ژنێتی؟
دەزگیرانێتی؟
دۆستێتی؟
خوشکێتی؟
خوشکەزایەتی؟
کچە مام یا کچە خاڵێتی؟
یا لە ڕەگەزی مێیانەوە، نەوەی ئەوانەیە؟

کورتەک و شەرواڵەکەی
دەستووری گوندانییەکی ناو شارە
لە جیاتی پشدێن، قایشێکی پانی بەستووە
چەفیەی لە مل ئالآندووە و یەخەی نەختێ دیارە
کەتافیەی سەر جووت شانیشی، چەتەیی و چاپووکی دەنوێنن
بۆ شەڕ، مەچەکی هەڵبداتەوە
ماکێک دیارە، خۆی بە جگەرەیەک داخی کردووە
لە گەرماوی گشتیدا، باسکی هەڵبداتەوە
بە وتەی **(ئاخ زەمانە)** خاڵکوت کراوە
خۆی ڕەق ڕاگرتووە، تەماشای پێشە خۆی دەکات
هەر دەڵێی لە بۆ وێنەی کامیرا خۆی ئامادە کردووە

مریشکەکەش
کڕ و بێدەنگ، تەماشای هەمان جێ دەکات
بە هەمان گومانەکەی من، دەپرسی:
ئەم لاوە...
دەبێ چی من بێ؟
قرتە قرتێک دەکات، لێی تێگەیشتم
جنێوێکی دا، (ئەم سەگبابە لاتە، منی ڕفاندووە و ئاشەوانیش نییە!)
خۆدوێنی دەکات:
دەبا بە مردنی خۆمان بمرین، بۆ هەر دەبێ
بە دەمی دەعبا، بە تیغەی مرۆڤ بکوژرێین
قرتە قرتێک دەکات:
بەسە کەویاتی و کۆیلاتی... ئازادی... ئازادی،
کیویاتی خۆشترە... چاکترە
من و لاوەکە لێی تێگەیشتین و
خۆمان نەبیس و نەدی کرد، خۆمان نەناس کرد

تێبینی: خوێنەر ئازادە، بەس بێسوود نییە، بۆی بڵێین، لە ناو مێژووی مریشکی کوردیدا، مریشکی سەر بە ئاش و ئاشەوان تێر دانن.

## پخ شێفره!

له باعه باعی بەرخێک گەیشتم
تەڕەگیای بۆ ببەم
بینازێنم تا بە دابەستەیی خۆی قایل بێت و
له چەقۆی کوژیار نەترسێ
له دراوسێی خۆم نەگەیشتم
له ڕادەبەدەر خۆی له من کردۆتە برابەش
ناشزانێ میراتم کەچە بزگوڕ و جلوجۆڕ و
قاغەزۆکەی سەر بە گۆبەند
له قووقەی کەڵەشێرێک گەیشتم
بەرەبەیانە؛ بۆ کار هەڵسە

بێکاری تۆ کار لە گوزەرانی منیش دەکات
بە سەری ئەو باوکت کە لە برسان مرد
چیدی فەلسەفە بە تەنبەڵاتی لێ مەدە
لە تاکە جۆرێکی فرە بزوانی
کلکی کتکی نەگەیشتم
لە سۆزانییەکانی ئێرە گەیشتم

بۆچی (بەتایبەت کیژۆڵەی بچووک)
دەکەنە یاوەری گەڕانیان
لە نووسەرێک نەگەیشتم
چڵمی پەسیوی بە پەڕی ڕۆژنامە دەسڕییەوە
تێگەیشتم شووعییەک برمێ
دەبێتە پارە پەرستێکی بێتام
یا شۆڤینییەکی نەتەوەیی
یان ئایندارێکی توندڕۆ
مامۆستایەکی کچ لە هاوفێرگەمدا، لێی تێنەگەیشتم

گۆڤارێکی خستە بەرچاوی
دەیخوێند نەیدەخوێند؟!
جارجارە بەسادەیی دزەنیگای دەکرد
لە شەقار شەقارەی قانە قوڕێک گەیشتم
بە بەراوردیش، لە بسکی درێژی تولازێکی
نووڕەفتار و دەروێشێک نەگەیشتم
لە بۆقە بۆق و کینگڵداریی کیمیا و فیزیا گەیشتم
بە دووان زەمی سایکۆلۆژەیان دەکرد
لەوە تێنەگیشتم
باڵەخانەی یەمەن
مۆدێرنیزمە یان پۆستێتی؟!

له هەڵبژاردن بە بازی دەوڵەت تێگەیشتم
له هەڵبژاردنی ناو وڵاتێکی پترۆڵدار نەگەیشتم
چاودێری ئاستبەرزە لەوێ بوون، جا لێی تێنەگەیشتم
کامیرای هەمەجۆرەی پشکنین و ڕۆژنامەنووسانی لێ بوو
جا لێی تێنەگەیشتم
ئەمنی تێدا دەرچووم، هەر لێی تێنەگیشتم
له هێڵی پێچاوپێچ گەیشتم
لۆفەدارەو دەمگەینێ
یان زیندەوەرێک، له وەرزی ساردیدا
له لاپێچێک لێی مت دەبێ و نامرێ
له هێڵی ڕاست یان بە زمانی زاراوە (ڕاستەهێڵ) تێنەگیشتم
بشکێش هەر ڕاستەهێڵە

دەڕواو هەر دەڕوا
تا ئاخیری زەمان هەر دەڕوا
لەوێشرا، (پاشدوا)ی لێدەزێ
لەو چیرۆدرێژەدا، چەند جار ڕازام و
لە قۆناغێکی دا مردم و
ئەو هەر درێژەی کێشا
ئەوانەی لێیان تێگەیشتم
پاش زرتکێشانێکی حەمباڵی گومرگی تەڕە و میوە
شەفرەدار دەبن!

٢٠٠٥/٣/٢٣

پەراوێز: لە ناونیشاندا، شێوەی (شێفرە)مان پێ لە (شەفرە) گونجاوترە، چونکە بەدوو لەتی (شێ) و (فرە) دەگەینە واتای (فرەشێ) یان (فڕینی شێ)، ئەمەش مەبەستی هۆنراوەکە دەپارێزێ.

## فۆتۆگرافی نووسەر بە جغارەوە

نووسەریش
بڵێ نێرم
بڵێ قەڵەمم تیژە
جگەرە دەکێشێ و
لە ناو دووکەڵی دا
بە داڵغەی ناو باخچە، پیاسەیێک دەکات
هەر گوڵێک بەرهەمی نووسەرێکی جیهانییە
(هەر لەناو ستۆدیۆیە، لەسەر کورسیەکی شەقە و پەقە دانیشتووە و
خۆی ئامادەکردووە تا وێنەی بگیرێ، – تکایە با گوێی لێ نەبێت–)
چاوەکانی وێڵن
ئەگەر بەرەو ژوور بوون
ئەوا بزانە، ئەوە شاعیرە
بەرەو ژێریش بوون
ئەوا بزانە، ئەوە ڕۆماننووسە
ئەگەر دەستی بۆ لووتی بردووە
مسۆگەر، ڕەخنەگرە

٢٠٠٤/٤/٢٣

## لەشگۆڕکێ

ڕێوی چووە ناو دەریا
بووە فیل... عەجەب!
بۆق چووە ناو بیابان
بووە ورچ... عەجەب!
مەیموون چووە ناو کێوان
بووە دولفین.. عەجەب!
مار چووە ناو هەوران
بووە کیسەڵ.. عەجەب!
فسۆس چووە ناو بورکان
بووە کۆتر... عەجەب!
بۆ عەجەب؟
ئەی بۆ... لە ئەفلام کارتۆن
لەمەش سەیرتر ڕوو دەدات؟!

٢٠٠٤/١١/٥

## تەڕ هۆنراوەم نووسی؟؟؟؟؟؟؟

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
شارنامەی گوندەکانی بەهارات پێداکراو
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
ئەلفوبێیەکی بێ -ن-
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
ئافرەتێکی کتێب لەدەست
کێ دەزانێ چی لێ دەخوێنێ
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی
لۆرییەکی پڕ جووجکە مریشک لە جەهەندەمدا

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
سەمای هاڵاوێک بەلاساکردنەوەی لەیلا بەدرخان
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
تاتای پەرچەمی لە تاتای زەمانە ئاڵاوە
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی
تێکقژقژانی پەیکەرەکانی زەرد و بەرد
لە ناو مۆزەخانەیەکی سوپاییدا

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
 توغرایەک بەچەشنی هەنجیر
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
کاچوومادان ئان دان چوو ما کا
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی
دوو جلپۆش بەبێجامەیەکی سادە و
دژداشەیەکی خیتخیت
هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:
مێرەم دەبێنێ، ئۆغەن دەشکێنێ

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:

ڕۆبۆتێکی ناکاودار

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:

گەڕان بەدوای وەلفێک لە سیکرابخانەی نیشتمان

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی

زبڵدان شەرم لە کەس ناکات

هۆنراوەیەک دەنووسم بەناونیشانی:

ئاخوڕمان خێر بێت

هۆنراوەیەک دەنووسم ناونیشانەکەی

فڕڕی بەشیعرەوە نەبێت

بەناونیشانی- عەشق-یش

هۆنراوە نانووسم

٢٠٠٦/٦/١٧

........................................

تێبینی: لە ناونیشانەکەیدا، ئەم حەوت هێڵە قیتەی سەر بەخاڵ، نیشانەی سەرسوڕمان و گومان و هێدمە و حەپەسان و وەرگەڕانن.

ئاساییەکەی بەم شێوەیەیە: !!!!!!!

## زەلامێک لەناو جەستەم دایە

زەلامێک لەناو قوڵم دایە
خراپ دەیئێشێنێ
بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی
کارێک بەخێر بچێ
وەک چاککردنی بۆڕیی شکاوی ئاو
کە کۆڵانێکی لەسەرە
چ کەسێکە؟ –لێم دیار نییە!
وای بۆ دەچم
زوو لە مەمک کرابێتەوە
چڕوچاوی گرژە
ددان تێکپەڕیوی کەڵبەتیژ
دەروون ئاڵۆز

چێژی لە دیمەنێکی زیندووی سروشت وەرنەگرتبێ
یان تێر لەگەڵ شۆخێک هاودڵ نەبووبێت
یا بە منداڵی مامۆستاییێکی قەرداری قومار
بیست حەیزەرانی لە لەپ و پشدەستی داوە
شیشێکی داخکراو
لە خوێنم ڕادەکات
بە چزە چزەکەی خەنی دەبێ و دەقاقینێ
ئەو زەلامە
توند و خێرا پەنجەرەم پێ دەکاتەوەو
دەسکیم پێ دەپچڕێنێ
زەلام چ زەلام!

کە خۆشنووسییەک
بە خەتی ناسکی نوسخ دەنووسم
دەیکا بە روقعەیەکی قۆڕ و قەبە
ئەو زەلامە
دەستمی گرت
وای کرد لەپشتەوە ئوتومبێلێکی
چەقیوەی ناو قوڕ، پاڵ بدەم
هەر تەناشی دەکرد
قاتە نووەکەم پێ قوڕباران بوو
لە هەڵواسینی
وێنەی خۆم و هاوسەرەکەم بەجلی بووکێنی
لەباتی لە بزمار بدات
کوتکم پێ لە پەنجەی خۆم دەدات
یان چ نەکا– پەروازەکە دەشکێنێ
ئەو زەلام
دەرزیلەی لەناو دڵم چەقاند
کاتێ دڵدارەکەی خۆی دەبینێ
دەرزییەکان
جەفاکارییەکی بێ پەشیمانیم پێ دەکەن

لەساتی خوێندنەوەی کتێبێک
هەمان زەلام
دێڕێک نا دێڕێک یا زیاترم پێ پازدەدا
وشەکانم پێ تێک دەپەڕێنێ
لە بۆ دەرمانداری نەخۆشییەکی جەستەیی
ڕووەو مووسڵ چووم
ڕێی پێ گۆڕیم، بردمیە بیابانی سەماوە
لووس هۆنراوەکان قافیەدار دەکەم
ڕەوان و بێگرێ کێشداریان دەکەم
هەر خۆی کەسی تر نا
گشتیان دەکاتە
گڕ و شلۆق و قەبەی بەداواز

دیسان ئەو زەلامە
بە عەینەگ و گۆریە و پێڵاو و
جلی کارەوە لەسەر زەمینەی کۆنکریت
بێ خەونی خۆش دەمخەوێنێ
لە ساتێک لە کاتی پیلانەکەیدا
نیوە.. نا... چارێکە... پرسیارێکم کرد
بڵێ ئەو زەلامە لەناو گشت کەسێکا بێ
بۆیە خەڵک هەندە بەگوناح و چەوتیکارن؟!
هەندە ماڵوێرانە دونیا؟!

نهێنییەکەیم زانی
ئەو زەلامەی ناو جەستەم
هەر جارێ، جۆرە ژانێکم پێدەگەینێ
شوێنگۆڕکێ بەخۆی دەکات
پەنجە بێ، زراو، گوپ، گۆزینگ بێ
فێڵزان ناچێتە نێو مێشکمەوە
دەترسێ
نەوەک لەوێ من بە تەواوەتی لە ژیان ون بم
خۆی تەنها بمێنێتەوە

هەر جارێکیش خۆی شکلگۆڕکێ بکات
دەبێتە بەد شێوەی
پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی
بلۆکێکی شکاو
شووشەیەکی ناڕێک و دەمتیژ
چڵکاوێکی مەنگ و گەنی
یان
چقلێکی هێسک ڕەق
چ هاولەشێکی بەت و کەللەڕەقە
دانووستانم لەگەڵ ناکا
نابێتە برادەرم
تا لە باخچەیەک میواوی پێشکەش کەم
لە تەنیشت کۆنە ئاسەوارێک
هاو فۆتۆ بین
یان تەبا وەک برا
لە زێ مەلەوانی و ئاوانێ بکەین

٢٠٠٤/٥/١٤

# بەرنامەی خۆراک بەچەن
# هەنگاوێکی چاک

نەخۆشییا
حەکیمێکی پێشینان
پێڵووی چاوی خەستەیەک هەڵدەداتەوەو
بە زەردەخەنەوە لە دڵی خۆیدا دەڵێ: **دیالێکتە**
نۆژدارێک لە فرەکونی فلتەرەوە تیشک دەنێرێت و
بەمنگەوە لموز درێژ دەکات: **دیالیکتیکە**
نەخۆشی، بەمەرجەکانی ڕۆژهەڵاتییان دراوسێیە
لە دەرگا ناداو دێتە ژوورەوە
ئەوا ئەو لە جەستەت نەدا، مسۆگەر لە گیانت

پیرەژنێک نزابێژی دەکات:

– خوایە لە دەردان بەدوور بیت

زمانەوانێک دەپرتێنێ:

– نەعلەت و نەفرەت لەو (نە)یەی دا

بڕیارێکی پێدرا،
**شەممە:** کودی و باینجان و بامیە بەخاوی
لەکاتی پێویست، سەیری وێنەیەکی ناو ئەلبۆم بکرێت
لە وێنەیەکی خۆیدا، پێش بیست ساڵ گیراوە
بیبینەوە، قۆپچەی سەرەوەی کراسەکەی پچڕاوە
ئەوەی بۆ نەلوا
سەر لە پەنجەرە دەربێنێ و
گوێی لێبێ منداڵان بەگەمان هاوار بکەن:
**سەر کودیلەی شەمامە**
**شیوەکەمان بەتامە**

**یەکشەممە:** هەرچییەک مەڕ بیخوات، تۆش
خوێندنەوەی ڕێزمانی جوولە و بزاڤی مادۆنای
گۆرانیبێژی لەگەڵ دابێ

**دووشەممە:** لە دوور، فانۆسی کوخێکی ڕۆخ شار
ببینێت
ئەم دیمەنەش بەمانۆس بخوات

**سێشەممە:** بۆنکردنی وردە گوڵێکی ناو دارستان
کە لەشکر لەوێ چل ڕۆژە خیوەتی لەناو هەڵدابێ و
میزی پێدا نەکردبێ

**چوارشەممە:** وردە خۆڵی کونی فسەگورگ،
دڵۆپەی سیراوی پێداکرابێ
هەروەها جاری یەکەم ١٣ کەڕەت و جاری
دووەم ٣١ کەڕەت
بەنزمی ئاوازی شیش کەباب
بەسەر پێبلقەی قوڕدا، سەرکەوێ و دابەزێ.

**پێنشەممە:** پیفۆک بە هەنگوینی مێشەکریفۆک
لەگەڵ کراس لە بەرکردنی بەرەواژ

**هەینی**: لیقاوەی زەرەند و ئەژنەفتنێکی شەوانە
لە حەپینی ڕەوە سەگێکی هەوشار و
گۆرانی وتن بەئاوازی ئەم حەپینەوە

**هەششەممە:** هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی
دە کەس
لە نووکیسەی کورد، لەوانەی
قاڵۆچەی خێر لە گوویان نابینێت.

**نۆشەممە**: سەماکردن لەسەر نووکی پەنجەی
گەورەی پێ
شەمبانزی بینەر بێ و پێت پێکەنیت
یا ئەگەر نەکرا
بەخەیاڵ سەردانی ئەرزەی لامارتین بکرێت و
بەدەرزی و ئارمووشی ڕەنگاوڕەنگ کفنێکی جاوی سپی
به باڵنده و گوڵ بنەخشێنێ
لەو نۆ ڕۆژەیدا، دەردە پیسەت دەرپەڕێنێ و
دەبیە سۆپەرمان...

**سۆپەرمان**

(.................)

له دوورا دەست پێ دەکا
ژماردن تا ناکۆتا
هەر دەڕوا
بە فێڵ و فیلیش ڕاناگیرێ
ئەی یەک کوا؟
یەک نەما!
کەسیش نازانێ چۆن ونبوو.
بە تەوران کوشتوویانە؟
ژارخواردوو کراوە؟

لە ئاو نقوم کراوە، بە غاز خنکێنراوە؟
شەهوەت خنکێن کراوە؟
بڵێ قەمەرەیەک خێرا هاتووە، لێی داوە و
بێوەی ژمارەی بگیرێ خێرا هەڵاتووە؟
بە ئاگرێکی دۆستانە لەناو چووە؟
کەس نازانێ
بەدەر لە وشەی (ونبوو)...
ڕۆژنامە هەواڵێکی پێ نییە
بەدەر لە وشەی (ونبوو)..
بە پسەپس، وتەیەک نییە
گومان یەککوژ دەدۆزێتەوە

نەشیدۆزیتەوە
گومان بە هێقینەوە دەڵێ:
– فڕکان فڕکانی سەردەم، ئا لەوانەیە.
(سفر)یش ئاڵۆزترین ژمارەیە
لەوانەیە دەروونی ئەم سفرە
تووشی مالیخولیاو
شێزۆفرینیا و نۆستالیژیا و
هێستریا بووە

(ژمارە یەک) لە فایلێک دەپێچرێتەوە
تا تاوانناسێکی مەعلان دەرکەوێ
ڕەنگە پاش چەند ساڵ و
سەدەیەک بێت
(ژمارە سفر)یش
بخرێتە خەستەخانەی دەروون یان لەشەوە
ئەگەر ڕاڕاش بوون
با لە هەردووکیان بێت
هەر بنێسا، داوودەرمانی
پیرێژنان یەکاویەکە
ژمارەکانی دیکەش
هەریەکە بە پێکەنینەوە،

لەوەی ڕوویداوە، ئاشکرا و
دەنبەرز دەم دەکەنەوە:
– مەڵێ بەداخەوە. بێ ئەوانیش ژیان هەر دەبێت
فرمێسکیش بە یەکجارەکی هەوشا،
هەتا ئێرە دەوری مێژوویی خۆی گێڕاوە و
چاویش لەو ئەرکەی حەسایەوە

## ش... بە جۆشانێکی مۆسیقایی

ئەویش ژنیش
بە سەلکە سابوونیش دەیکاتە بتیش
نێرڤاناش لەناو هەڵمیش دەیقەومێنێ
دێتش و ئاموور بەسەر کاشیش ڕادەکێشێ
ئەکاسیاش لە ئاسیاش دەزیزێ
شێتیش گاڵتەی بەمێشکیش دەکات و
شۆپنهاوەریش پێی خەنیش دەبێ
کلیۆپاتراش بە چاویلکەیەکی ڕەشیش
خەوشی لووتیش دەشارێتەوە

پڵنگیش بێ، ئەو بە پشەپش دەسەمۆی دەکا
کەشیش بەکۆخە کۆخیش هەراسانمان دەکات و
پەلکە بۆیاغیش بەسەر ئێمەی نووستووش
هەڵدەوەرێنیتش
جا بەدخەونیش دەبین و
دەنگی لۆریش بەدبیستمان دەکاتنیش
لەوسەریش
زرتە بۆزێکیش داوەمووی سمێڵیش بادەدا

دەیکاتیش بە نیشانەی ڕەفتاریش
بۆ چاوەنۆڕی پاسی گوندیش
بچێتش لەوێ هۆش لە کەریش بکات و لە
شتی عەنتیکەتریش
سێبەری لۆق درێژیش لە قەبرستانیش نەبێ
هەر دەتتۆقێنێ.
خۆتیش لەو دیمەنە ئاگاداریش بووی
ئەو پیاوەش لە ئاشیش بوو لە باغیش لە ماشیش

فێریش بوو بە کاتە کاتیش بژی و
هەر بەهەوەسیش تەلەفۆنیش بۆ
نەناسراوانیش بکات
منیش لە جیاتی ئەویش بم
بەشەوی زستانیش بەفر و دۆشاویش
دەخۆمەوەو
مەرگیش جگە لە شووشەواتیش
حەز بە هیچیش ناکات
گوێم لێ دەبێ: خۆشەمووشە!

تەڵەش، مشکانیش دەگرێ،
سەبەتەش پڕسەرکیشە
سەرکی بەرازیش و کەمتیاریش و کەرکەدەنیش
لە جادوونامەیەکی هیندیش دا
بە دیتنی ڕوو بەخاڵیش
هۆی هۆیەکانیش، پەکی دەکەوێ
سمێڵتراشەکانیش بە مێجانیش و بە
ڕووتیش خۆ لە ئاوێنەش دەبینن

***

## فەرهەنگۆک

* **ئاخ**: خۆڵ.
* **ئاخوتن**: ئاخاوتن، قسەکردن.
* **ئاخورمان خێر بێت**: ئیدیۆمە، ڕستە ئاساکەی ناو خەڵک دەڵێ: ئاخیرمان خێر بێت.
* **ئادلۆژە**: ئایدیۆلۆژیا.
* **ئاڵۆزگە**: شوێنی ئاڵۆز.
* **ئاموور**: هەوجاڕ، ئامێری جووتکردن.
* **ئاوانێ**: گەمەکردن بە ئاو.
* **ئەبو ئەژاد**: باوباپیران.
* **ئەپارتید**: apartheid سیاسەتی ڕەگەزپەرستی دژ بە قولەڕەشەکانی خوارووی ئەفریقیا.
* **ئەرز، یا ئورزەی لامارتین**: ساڵی ١٨٣٢ شاعیری فەڕەنسی **لامارتین** سەردانی لوبنان دەکات و دڵی بە دارستانی بوشرا دەکرێتەوە، لەو سەردانەیدا کچەکەی لە بەیرووت دەمرێت، ئەویش بۆ یادگار دەچێ ناوی کچەی لەسەر ئەرزەیەکدا هەڵدەکۆڵێت. پاشان درەختەکە بەو ناوە دەناسرێت، ئێستا ئەو درەختە بەژن درێژە هەر ماوەو لە ناوەندی دارستانەکەدا سەرکەش وەستاوە.

**ئەسکەلە**: کۆمەڵێک ئەستوندەی دارە و لە ئەمڕۆدا بۆتە ئەستوندەی ئاسن. بەشێوەیەکی پەیژەدار ڕێک دەخرێن، تا وەستاو کرێکار و بۆیاغچی بیناسازیی کاری خۆیان لەسەر ئەنجام بدەن.

* **ئەفلام کارتۆن**: فیلمی کارتۆن.

* **ئەلبوون:** ئەلبۆم، ئەلبووم، وێنەنامە.
* **ئەکاسیا:** جۆرە گوڵێکە.
* **ئەلیا:** ئەلها، هەوەس و ئیلهام.
* **ئەنام:** ئەندام.
* **ئۆدیسیۆس:** پاڵەوانی داستانی ئۆدیسای هۆمیرۆسە.
* **ئۆرگازم:** orgasm پۆپەی چێژی جنسی.
* **ئیبنولوستەوفی:** شرف الدين ابي البركات ناسراوە بە ابن المستوفي (١١٦٨-١٢٣٩ز) زانا و مێژوونووس، فەرمانبەرێکی گەورەی سەردەمی موزەفەرەدین لە هەولێر، کتێبێکی بەناوبانگی هەیە، ناونیشانەکەی (تاريخ اربل)ە.
* **ئێسە:** ئێستا.
* **ئیمبرتۆ ئیکۆ:** ڕۆماننووس و تۆژەوەرێکی سیمیولۆجیایە، لە ساڵی ١٩٣٢ لە دایک بووە، یەکەم ڕۆمانی بەناونیشانی (ناوی گوڵ) بوو، لە ساڵی ١٩٨٠دا چاپی کردووە و زۆر پێی بەناوبانگ بووە.
* **بازی دەوڵەت:** لە هەکایەتی کوردەواریدا، بازێک هەڵدەدرێت، جا لەسەر شان یان سەری کێ بنیشێ، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە پاشا یا میر یان حوکمداری ئەو وڵاتە.
* **باودا:** باوک و دایک.
* **بەت:** بەد.
* **بەرغەبابەدار:** بەرخەبەبەدار، بەرچێڵەدار، غەبغەبەدار.
* **بەس هەس:** تەنیا هەست.
* **بەیبای:** خواحافیز، زیاتر لەگەڵ و بۆ منداڵان بەکار دێت، لە ئەمڕۆدا ئەم وشە ئینگلیزییە بۆتە وشەیەکی خۆماڵی و لەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بەکار دێت. سەرەتای دەرکەوتنی لەناو چینی دەوڵەمەندی شارستانی و ڕۆشنبیر بوو لە ئەنجامی لاساکردنی هەندە لایەنی ڕۆشنبیریی ڕۆژاوا.
* **بخارێنێ:** پیستە خۆش دەکات، پێستە دەباغ دەکات.

* **بنیسا:** تەندروستیەکەی بەرەو خراپتر چوو.
* **بۆقەبۆق:** بڵقە بڵق.
* **بووز:** سەهۆڵ.
* **بووکاو:** بووکی دەریا.
* **بیری یووسف:** ئەو چاڵەی یووسفی تێهاوێشترا. حەزرەتی یووسف (سەدەی ١٣پ. ز) کوڕی یەعقووبە، پێغەمبەرێکی خودایە و سیمایەکی جوانی هەبوو.
* **بینازێنم:** بەنازی بکەم، نازی بکێشم.
* **پەنیلۆپ:** ژنی ئۆدیسیۆسە.
* **پخ:** وشەیەکە سەر بە فەرهەنگی منداڵانەوەیە، لێرە، بۆ مەبەستی گاڵتە پێکردن هاتووەو گۆکردنی بەزاری خوێنەر دەبێت، دەتوانێ ئەم **(خ)**یە چەنبارە بکات بەشێوەی: **پخ خ خ خ.**
* **پرۆتەگۆراس:** (٤٨١– ٤١١ پ. ز) فەیلەسووفێکی یۆنانییە، بەلایەوە مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە.
* **پرنج:** برۆنز.
* **پلاتۆ:** ئەفلاتوون.
* **پۆستێتی:** مەبەست پۆست مۆدێرنیزم.
* **پۆڵیدار:** بە پۆڵوو.
* **پیس:** خراپ، توند.
* **پێشەممە:** پێنج شەممە.
* **تاتایە:** هەتا هەتایە.
* **تاسولقە:** پارچە گۆزە و دیزەی شکاو، سواڵەت.
* **تامپۆن:** خۆ لێکدانی دوو یا چەند ئوتومبێلێک.
* **تایفۆن:** Typhoon تایفوون، ئاوە بایەکی توندە، با دەریا.
* **تەحر:** ڕەنگ.
* **تەعجیل:** گەڕەکێکی کۆنی هەولێرە.

* **تەناش:** بەتەناش، خولخواردنی تایەی ئوتومبێل لە جێوە.
* **تەماتیک:** ئۆتۆماتیک.
* **تلیفە:** ناسکە بێژەی تریفەیە، تیشکی مانگ.
* **توغرا:** جۆرە خەتێکی خۆشنووسییە، لە سەرەتای پەیدابوونیدا وەک مۆری سوڵتان و پاشایان بەکار دەهات.
* **تۆپۆگرافیا:** Topography زەویناسی بەرۆخسار و نەخشە و وێنەوە بۆ خۆشهاتنی سەر زمان پیتی (ب)مان پەسند کرد.
* **تووتیا:** کانێکی نەرمە دەکرێتە تەختە و بەمادەیەک دەیهەنوون تا ژەنگ نەگرێ، سەری هەندە خانوو و کەپر و دووکانی پێ دەگرن... بەردەکل.
* **جەوسەر:** جەمسەر.
* **چا:** کورتکراوەی چاکە.
* **چار توخمە:** چوار ڕەگەزەی پێکهاتەی گەردوونە، بەپێی فەلسەفەی یۆنان بریتییە لە: ئاگر، با، ئاو، خۆڵ.
* **حەمرا و سیروان:** دوو سینەمای شاری هەولێرن.
* **حەو:** کورتکراوەی حەوتە.
* **خاکێشە:** خاکئێشە، ژانەخاک.
* **خەیاتە جندۆکە:** چلمی شەیتان.
* **خەیار:** خەیاڵ و داڵغەی خراپ.
* **خراتر:** کورتکراوەی خراپتر.
* **خڕگەلە:** قەلەباڵغ.
* **خۆخاز:** خۆخواز، خودخواز.
* **خۆدوێنی:** مۆنۆلۆگ.
* **خۆشاد:** لە خۆشادبوو.
* **خۆشەمووشە:** مەتەڵێکی دەنگییە و خێرا دەگوترێ، واتا (خۆ شەممەیە).
* **خۆڵە پووک:** خۆڵی ورد.

* **خوودە:** کڵاوی ئاسنینەی سەربازان.
* **دامەسکنێ:** کپ مەبە، دامەمرکێ، دامەکاسێ.
* **دەتانم:** دەتوانم.
* **دەریاچەش لە دیدەدا سەما دەکات:** لە هۆنراوەیەکی لۆکینات وەرگیراوە.
* **دەسپیاند:** سپی دەکرد.
* **دەق:** تەواو خۆیەتی.
* **دەلیحەس:** هەر ئەوکات، یەکسەر.
* **دەنبەرز:** دەنگبەرز.
* **دژداشە:** دشداشە، کراسێکی درێژی تا سەر پێیان شۆڕە، زیاتر ڕەگەزی نێرینەی عەرەب لەبەری دەکەن، ئی مێیانیش جودایە. لە مێژووی کۆنیشدا میللەتانی دەشتنشین لەبەریان کردووە.
* **دژڕێ:** ڕۆنگسایت، ڕۆنسایت، زاراوەیەکی هاتوچۆی ئوتومبێلانە.
* **دمکاسن:** دەنووک ئاسن.
* **دمکدمکانێ:** شەڕە دەنووک، چەقە چەقی دوو کەسان.
* **دووان:** ١- دوو کەس ٢- قسەکردن.
* **دیالێکت:** شێوەزار.
* **دیالێکتیک:** جەدەل.
* **رازام:** نوستم.
* **ڕەنگۆڕ:** ڕەنگگۆڕ.
* **ڕێک:** تەواو.
* **زاباتا:** ئێملیانۆ زاباتا (١٨٧٩- ١٩١٩) شۆڕشگێڕێکی مەکسیکییە، ساڵی ١٩١٤ شاری مەکسیکۆ ڕزگار دەکات. لە ساڵی ١٩١٩ پەناکوژ دەکرێت، پاش مردنی چەندین سەربوردەی میللی بۆ گۆتراوە، دەرهێنەری ئەمریکیش ئیلیا کازان بە فیلم دەرهێناوە و ناونیشانەکەی (بژی زاباتا)یە.
* **زەرد:** مسی زەردە.

* **زەرند، زەرەند:** گوژاڵک.
* **زەمینی:** دانیشتووی سەر ڕووی زەمین.
* **ژێراوچی:** بناوەر، غواص.
* **ژێراوکە:** ژێراوک، بناوک، غواصە.
* **ساردک:** سارک، تەلاجە.
* **سایکلۆژە:** سایکلۆژیا، دەروونناسی.
* **سەربوردەی شارستانییەت:** کتێبێکی بەناوبانگی مێژوونووس و هزرەوەر **وِل دیورانتە.**
* **سەرکودیلە:** گۆرانییەکی فۆلکلۆری منداڵانی کوردە.
* **سەگی هەوشار:** سەگێکە لە دڕی بەناوبانگە.
* **ستاپسز:** بێ ستاپ.
* **ستاتیکا:** لقێکە سەر بەزانستی میکانیکایە، شت لە دۆخی وەستاوی و بێ جوولەییدا.
* **ستل لایف:** Still life وێنەی سروشتی کپ یا بێگیان، دەسکردی شێوەکارانە.
* **سمایل پیکیت:** نووسەری بەناوبانگی شانۆی نەماقووڵ و بێهوودەیی سمۆیل بکیت. نووسەری شانۆنامەی لە چاوەڕوانی گۆدۆدا.
* **سۆتەک:** خۆڵەمێش، زیاتر بۆ جغارە بەکار دێت.
* **سوورە سوور:** پیاسە و گەڕان.
* **سیراو:** ئاوی سیر.
* **شۆپنهاوەر:** ئەرتۆر شۆپنهاوەر (١٧٨٨– ١٨٦٠) فەیلەسووفی ڕەشبینییە.
* **شووعی:** شیوعی، کۆمۆنیست.
* **شیش کەباب:** پارچە مۆسیقایەکە، لە ساڵانی پەنجا و بەتایبەت ڕۆژانی شۆڕشی (١٩٥٨)دا تیپی مۆسیقای عەسکەری بەفراوانی لێیدەدا و بووبووە مۆسیقایەکی میللی.
* **عەلماند:** فێرە هەر جۆرە ڕۆشنبیریەکی کردبێ، بەتایبەت نووسین و خوێندن و

پەروەردە و ڕەوشت.

* **عەینەگ**: چاویلکە.
* **فرەنگسا**: فەڕەنگسا، فەڕەنسا.
* **فسەگورگ**: مێرووییەکی بچووکە، بە قووڵایی ٢ ئینج تا ئینج و نیوێک، کونێکی ستوونی لە زەوی دەکات و خۆڵێکی وردە دەردەدات، زیاتر ئەم کارە لە وەرزی هاوین ئەنجام دەدات.
* **فلیماتی**: نواندنی جووڵە بەهونەر و تەکنیک، بەرامبەر بەکەسێک یا چەند کەسێک بۆ خۆ دەرباز کردن بەتایبەت لە یاری تۆپی پێ.
* **فۆرتەچی**: درۆزنی بەرباد، زێدە درۆزن.
* **ڤیرەڤیر**: دەنگی مشکانە.
* **قاپلێس**: کەسێ بەزمانی بەرماوەی ناو قاپی خۆراک بلێسێتەوە.
* **قانەقوڕ**: پارچە زەوییەکی قوڕاوی.
* **قەرەقەشاغ**: شەوە، لەناو تورکمانی هەولێر بەکار دێ.
* **قەلب**: جەستە. لە (قلب)ی عەرەبی وەرگیراوە کە مانای (دڵ) دەدات، بەڵام کوردێندراوە.
* **قەوغا**: قەڵەباڵغ.
* **قیچ**: هەندێک، نەختێک.
* **کاچوومادان**: مەتەڵێکی فۆلکلۆرییە، زمانەوەرییە و زۆر بە خێرا دەگوترێ، تا بیسەر تێ نەگات، ئەگینا خۆی بەدیهییە (کا بچێت، دانەکەی دەمێنێت).
* **کافیار**: خافیار، خۆراکێکی بەنرخە، هێلکەی جۆرە ماسییەکە.
* **ک+ گ+ ل+ خ**: کەڕ و گۆج و لیکن و خێل و خوار.
* **کەستەک**: گڵمتە خۆڵی ڕەقبووی تورت.
* **کەوی، کەویاتی**: ماڵی.
* **کودی**: کودوو، کوولەکە.
* **کوو**: چۆن؟

* **کۆشکە:** لۆج، مقصورة، شوێنێکی تایبەتە لە ناو هۆڵی سینەما و نمایش و کۆشک و تەلاردا تەرخان کراوە بۆ کەسایەتی ئاست بەرز، یا بە پارەیەکی گران دەگیرێت.
* **گاز:** بانگ.
* **گەناو:** ئاوی پیس.
* **گرەژن:** دەنگی گرەگر.
* **گریگ:** یۆنانی کۆن.
* **گۆڕایی:** گۆڕەپان.
* **لاسا:** لاسایی.
* **لەبخوون:** کەسی لێو بخوێنێتەوە. لێوی بەخوێن.
* **لەپخوون:** فاڵگرێکە، لەپی دەست دەخوێنێتەوە.
* **لە حەواڕا:** لە دایکە حەواوە.
* **لەشماهی:** جەستەیەک بەچەشنی ماهی (عاج).
* **لەففە:** سەندەویچ، پەڵۆڵەی سەموون یان نانە، گۆشت یا هێلکە یا پەنیری لە ناو دادەنرێت و دەخورێت.
* **لەوایە:** لەوانەیە.
* **لەیل:** یار و دۆستی جوان.
* **لەیلا بەدرخان:** لەیلا کچی عەبدولرەزاق کوڕی نەجیب بەگ کوڕی بەدرخانی گەورە. ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبۆل لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٦دا لە پاریس مردووە. ساڵی ١٩٢٥ خوێندنی ئەکادیمی هونەری سەمای باڵێ تەواو دەکات، لە چەندین چالاکی و میهرەجانی سەماو باڵێ بەشداری دەکات.
* **لووتستان:** وڵاتی لووت.
* **لووس:** گشت.
* **لۆکینات:** شاعیرێکی هیندییە، سەردانی میسری کرد و لەوێ لە ئاوا خنکا.
* **لیقاوە:** ئاوی لیچ.

* **ماڵە (مارە) بە کەونە فافۆن:** بانگەوازی کەسانێکە، لە کۆڵانان دەسووڕێنەوەو بە دوای کڕینی فافۆنی کۆن.

* **مالیخولیا:** مالینخولیا. نەخۆشییەکی دەروونییە، دڵتەنگییەکی شێتانەیە.

* **مانۆس:** مانووس، جۆرە گیراوەیەکە، مگێزی خواردن دەکاتەوە.

* **مەرس:** مەرز، قەڵس.

* **مەعلان:** لێزان.

* **مەنعەلتەجەول:** منع التجول، قەدەغەکردنی هاتوچۆ، زیاتر زاراوەیەکی سیاسییە و حوکمەتی عێراق لە سەردەمی جیاجیا و تایبەت لە ڕۆژانی کودەتاو شۆڕش و سەرژمێری و هەڵبژاردن پەیرەوی دەکرد.

* **مشیحا:** مەسیح، عیسا پێغەمبەر.

* **ماتۆڕی زەنگەزۆرە:** ئەو ماتۆرسکلانەی کەوا لەم یەک دوو ساڵە(٢٠٠٣– ٢٠٠٤) لە کوردستان. نەخاسمە مێردمنداڵان دەیهاژۆن، هەندە شۆفێر ناویان ناوە (زەنگەزۆرە) چونکە خێرا و لەپڕ لە شوێنی ترەفکلایت و دوریان و سەرەکۆڵانەوە دەردەپەڕن و زۆر جاریش کێشەڕێ و کارەسات دەقەومێنن.

* **مەنتکاوە:** گەڕەکێکی ناو شاری هەولێرە.

* **مێجانی:** گیانێکی مێیانەی هەبێت.

* **مێشە کریفۆک:** جۆرە هەنگێکی کێوییە باریک و ڕەشکەڵەیە.

* **میواو:** شەربەت، عەسیر.

* **مووزیک:** مووی قیت.

* **نادەر:** دەگمەن، نادر.

* **نەبیس:** نابیستوو.

* **نەحلەت:** نەحلەت، نەفرەت.

* **نەخۆشییا:** حاڵەتی بانگکردنی نەخۆشی.

* **نەسێ:** زاراوەیەکی لۆژیکییە، بنەمای سێیەی هەڵگیراوە، لە لۆژێک و فەلسەفەدا بەکار دێت و بەکورتی دەڵێت: ئەگەر یەکەمیان ڕاست بێت، ئەوا دووەمیان

ناڕاسته و سێیەمیشیان نابێت. الثالث المرفوع.

* **نەنەنگە:** چ عەیبە نییە، خراپ نییە.
* **نەندار:** نائەندازەیی.
* **نزابێژ:** دوعاگۆ.
* **نسحات:** ئامۆژگاری.
* **نووجل:** جلوبەرگی نوێ.
* **نووکیسە:** کەسێ تازە دەوڵەمەند بووبێت.
* **نۆرا:** بینەر، المشاهد.
* **نۆستالێژە:** نۆستالیژیا یان نۆستالیگیا nostalyga غەریبی کردنی نیشتمان یان ڕابردوو یان هەر بارودۆخـــێک لە دەست چووبێ یا دووربێ، کـــە لەوانەیە زەحمەتە، جارێکی تر بگەڕێتەوە و بێتەوە.
* **نیـرڤـانا:** نرڤـانا .Nirvana لە فـەلسـەفـەی هیندیا، بێ لەدەسـتـدانی هۆش، تێچواندنی تاکە خود لە ناو گشتەدا، ئەم زاراوەیە لە تەسەووفی ئیسلامیدا دەبێتە الفناء في اللّه.
* **نێژ:** نوێژ.
* **هانیبال:** هانیبەعل، حەنبەعل، یا حەنابەل، سوپاوەرێکی مەزنی مێژووە، ساڵی ٢٤٧ پ. ز لە قرطاج لە دایک بووە و لە ١٩٠ پ. ز خۆی کوشتووە.
* **هەند:** بەهەمان پێوانە.
* **هەوشا:** برا.
* **هۆقە:** حۆقە. سەنگ و کێشێکە جاران بەکار دەهات، لە شوێنێک تا شوێنێک قورسایەکەی جیایە، لە هەندە شوێن دوو کیلۆیە و لە هەندێکی تریش سێیە و بەدەگمەنیش چوار کیلۆیە.
* **هۆڵەوان:** کەسێ لە ناو هۆڵدا کار بکات، یان خاوەنەکەیەتی.
* **هیساوی:** ڕەش هەڵگەڕاوی بە تەنی.
* **هێقین:** یەقین.

* **هێڵدار**: بەهێڵ.
* **وەلف**: زمانەی چووپ.
* **وەیشەک**: وەشـەک، وەرشـەک، دەعبـایەکی کێوییە. لـە چەشنـی پڵنگی بچـووکـە، جـاران لە چیـاکانـی کـوردسـتـان دەژیا، لەمـێـژە قڕ کـراوە، بەزمـانی عـەرەبی (الوشق)ی پێدەڵێن.
* **ونی**: کەسنەدیو. کەسنەدی.

***

* **ئەم هۆنراوانە لەم گۆڤار و ڕۆژنامانە بڵاوکراون:**

شین. ڕامان. کاروان. ستایل. پەیڤ. کوردستان ڕاپۆرت.

# پێرست

بروسکەیە، لێوی گوێتان بۆ ماچان ئامادە بکەن ........ 5
ئۆدیسیۆس... نێرە یان مێیە؟! ........ 10
بەندە لە ڕابردوو ئێسە و ئایندە ........ 27
بانگێشتەیەکی بێرپایی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ........ 33
ناخم قسەیەکی کرد، زمانم دوای دە ساڵ گۆتیەوە... ........ 38
لەشلستن ........ 42
ڕووبار نەگۆڕە ........ 56
هات... کێ هات؟ لۆکینات... هات ........ 60
کەسێ، یەکەم جارە دەنگی خۆی دەبیسێ ........ 65
لەناو خڕگەلەدا دێن و دەڕۆن و نابیندرێن ........ 70
م بە مۆمەوە... م بە لەشەوە ........ 75
بوون... بە نیگای لەپخوون ........ 81
مەبێژە... نۆستالێژە ........ 84
لاوێک بە مریشکەوە ........ 88
پخ شێفرە ........ 91
فۆتۆگرافی نووسەر بە جغارەوە ........ 97
لەشگۆڕکێ ........ 98
تەڕ هۆنراوەم نووسی ........ 99
زەلامێک لە ناو جەستەم دایە ........ 103
بەرنامەی خۆراک بەچەن هەنگاوێکی چاک ........ 110
(.................) ........ 121
ش... بە جۆشانێکی مۆسیقایی ........ 126